# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧٧ چوارشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٣ _ ٢١ی ئاگوستی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## مستەفا هیجری: پەتی سێدارە و سزای مەرگ نابێتە بەربەستی سەر ڕێی خەبات و تیکۆشانی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان

مخابن سزای لەسێدارەدرانی ڕەزا ڕەسایی، بەندکراوی سیاسیی کورد و لە پەیڕەوانی ئایینی یارسان کە لە بزووتنەوەی ژینادا دەسبەسەر کرابوو، لە زیندانی ناوەندیی کرماشان جێبەجێ کرا.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە کە پەخشان عەزیزی و وریشە مورادیش دوو ژنە تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەترسیی جێبەجێکردن و سەپاندنی سزای سێدارەیان لەسەرە. هەروەها ژمارەیەکی دیکەی چالاک و تێکۆشەری سیاسی لە ئازادیخوازانی ئێران و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەش، سزای سێدارەیان بە سەردا سەپاوە.

ڕەزا ڕەسایی دەیەمین بەندکراوی کوردە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ی زاییندا لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە سێدارە دەدرێت. بێگومان، پەتی سێدارە و سزای مەرگ، نابێتە بەربەستی سەر ڕێی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی. وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ڕەزا ڕەسایی و خەڵکی داخداری کوردستان و پەیڕەوانی ئایینی یاری دەکەم.

**مستەفا هیجری**

**١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٣**

## داننانی پزشکیان بە دەنگنەدانی کوردستان

# کوردستان ٤٦ ساڵە پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری «نا» بە کۆماری ئیسلامییە






سەر وتار

## ٢٨ی گەلاوێژ و فیتوای جیهادێکی بەردەوام دژی کورد

**عەلی بداغی**

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە نەتەوەی کورد دەکات و لە هەموو ڕەهەندکاندا لە ئارادایە، هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ بە لەشکەرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندی لەسسەر بنەمای فیتوای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ بنەبڕکردنی بەناو "کوفر" لە کوردستان دەستی پێ کرد. کوفرە گەورەکەی کورد ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و دەسکەوتانەیان دەویست کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەخ خەباتیان بۆ کردبوو و ڕووبارێک خوێنیان بۆ دابوو. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و «نا»گوتن بە توانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی مەلاکانی جەمارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٢٢٠٠ کەسی لە کوردستان بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیهـ ئێعدام کردوە. لە نێوخۆی وڵات، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٤٥٠ کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری کوردی تێرۆر کردوە. ٣٢ گوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژ کردوە و لەو ڕەشەکوژییانەدا ٢٨٠ گوندنشین –پیر و لاو و ژن و منداڵ–ی قەلاچۆ کردوون، هەروەها ٤١ گوندی بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکەکەی تەختی زەویی کردوون. لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆشدا بەهۆی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی کورستان شەهید بوون و بە هەزاران کەس خەڵکی سڤیل و بێدیفاع کە لەنێو ئەوانیشدا دیسان بە سەدان ژن و منداڵ...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢

### لە یەکەم مانگی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا:

## ئێعدامی ٨٧ کەس و لەداردرانی ٢٩ زیندانی لە ڕۆژێکدا

بە ئێعدامکرانی ٨٧ زیندانی لە یەکەم مانگی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێران خێراییەکی زیاتریان پێ دراوە.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بە ئاماژە بە ئێعدامی ڕەزا ڕەسایی، یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕایگەیاند تەنیا لە یەک ڕۆژدا (١٦ی گەلاوێژی ١٤٠٣) ٢٩ زیندانی لە ئێران لە دوو بەندیخانەدا بەکۆمەڵ ئێعدام کراون. ئەم ڕێکخراوەیە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە «کەلکی خراپوەرگرتن لە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئیسرائیل» دەستی بە «کۆمەڵکوژیی زیندانییەکان و پەرەدان بە کەشی سەرکوت و تۆقاندن لە ئێراندا» کردوە. پەرەسەندنی ئێعدامەکان دوای هەڵبژاردنی پزشکیان بە سەرکۆماری لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ساڵی ڕابردووش (٢٠٢٣ی زایینی) لانیکەم ٨٥٠ کەسی ئێعدام کردبوو.

## خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ئیرادەی گەل و، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ویستی کۆمەڵانی کوردستان بوو

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هێزەکانی زاگرۆس، یادی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب وێڕای ساڵیادی دامەزرانی حیزب لە ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، ڕۆڵی هەموو ئەو کەسانەی لە حیزبی دێموکراتدا ڕۆڵ و تێکۆشانیان هەبووە، بەرز نرخاند.

عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە فەلسەفەی دامەزران و وجوودیی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای بیر و ئەندێشەکانی شەهیدانی ڕێبەر؛ قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و ڕۆڵ و پێگەی هەزاران کەس لە ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە پشتیوانی هەرە سەرەکیی حیزبی دێموکرات زانی و گوتی؛ حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و بۆ هەمیشە پشتی بە گەلی خۆی قایمە. وتەبێژی حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئێستای خەباتی حیزبی دێموکرات، باسی لە پشتیوانیی هەمەلایەنەی حیزبی دێموکرات لە جموجۆڵە مەدەنی و جەماوەرییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کرد.

لە کۆتایی وتەکانیدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب بە بۆنەی ساڵوەگەڕی یەککگرتنەوەی دێموکراتەکان کە دوو ساڵ پێش ئێستا و لە ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویی ڕوویدا، وێڕای پیرۆزبایی ئەم دەسکەوتە مەزنە لە ڕیزەکانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، یەککگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی یەککگرتووخوازانەی ڕێبەرایەتیی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب زانی.

ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هێزەکانی زاگرۆس کە لە چەند برگەیەکی دیکەی پێشمەرگانە و هونەری پێکهاتبوو، لەنێو شایی وشادیی بەشداراندا کۆتایی پێهات


**کوردستان کۆسپی بەردەم ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی**
دیمانە لەگەڵ ڕۆستەم جەهانگیری
٣

**حیزبی دێموکرات و ٧٩ ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا**
دیمانە لەگەڵ حەسەن شەرەفی
٤

**حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ مافی چارەنووس**
ڕامیار مەهابادی
٥

**"نە شەڕ، نە ئاشتی" تاکتیکی دیکتاتۆر بۆ مانەوە**
ڕەزا دانشجوو
٩

**شەڕی کۆتایی**
مەجید حەقی
١١

### ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

# بە گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەبات، بۆ بەجەماوەریکردنی پتری بزووتنەوەی سیاسی – نەتەوەیی کورد تێدەکۆشین

**پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب**




٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، هاوکاتە لەگەڵ ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک). دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەر چەند مانگ دوای ڕاگەیاندنی، کۆماری کوردستانی بە سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد بنیات نا، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و مودێڕن لە بزووتنەوەی سیاسی _ نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە.

دەسکەوت و میراتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان وەک گوتاری نەتەوەیی، شوناسخوازیی نەتەوەیی، دانانی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و، پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک سوپای نیشتمانی بوون بە خاڵگۆڕانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و، کاریگەرییەکی وەها قووڵی لەسەر بزووتنەوی سیاسیی کورد دانا کە پاش ٧٩ ساڵ، ئێستاش ئیلهامدەری خەباتی ئازادیخوازیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٧٩ ساڵ لە تێکۆشانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و سەرخستنی خەباتی کورد گەلێک قۆناغی دژوار و ئاستەمی بڕیون. لە کاتی سەرکەوتنەکانیدا لەخۆبایی نەبووە و، بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست و، پشتبەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لێبڕاوبوونی لە درێژەدان بە خەبات و ڕەسالەتی مێژوویی خۆی، بەسەر خەسار و دۆخە قەیرانەکاندا زاڵ بووە و لە کاتی تەنگانە و شکستەکامیش‌دا قەت دەستی هیوای بەرنەداوە.

لە ئاکامی سیاسەتی سیستماتیکی سەرکوت و دژیگەلیانەی هەردوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا کە هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە پرسی کوردیان ڕوانیوە، حیزبی دێموکرات لەو ماوەیەدا زۆرترین تێچووی لەپێناو وەدیهێنانی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندا داوە. ئەگەر لە لایەک لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و تیرۆری دوو ڕێبەری گەورەی دیکەی ئەم حیزبە، شەهیدان؛ قاسملوو و شەرەفکەندی و شەهیدبوونی بەهەزاران کادر و پێشمەرگە و تیرۆری سەدان تێکۆشەر و هێرشی مووشەکیی بۆ سەر حیزب، بە مانای ئەوپەڕی دژایەتیی ئەم دوو نیزامە لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، لەلایەکی دیکەوە دەرخەری ڕەوابوونی بزووتنەوەیەکە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هێز و قورسایی و بە پشت‌قایمبوون بە هێز و ئیرادەی گەل، ڕێبەرایەتیی کردوە و لێی بەردەوامە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خاوەنی پاشخانێکی مەزن و پڕ لە شانازیی خەباتکارانە لە هەموو بەستێنەکان بەتایبەت و سیاسی و پێشمەرگانەیە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا کە هەم لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێرشی مووشەکی و درۆنیی کرایە سەر و هەوڵی بەرتەسکردنەوەی تێکۆشانی درا و، هەم لەلایەن ڕەوتێکی تەواویەتخواز لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتدا هەوڵی بەلاڕێدا بردنی نێوەڕۆکی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و شەڕی گوتاری لەدژی ماهییەتی بزووتنەوەی کوردستان دەکرد، توانی ژیرانە و لە هەمان کاتدا لێبڕاوانە، ڕەسالەتی مێژوویی خۆی لەسەر ئەساسی بەرگری لە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و سووربوونی لەسەر درێژەدان بە خەبات بەڕێوە بەرێ و رووبەڕووی پیلانی جۆراوجۆری نەیاران بێتەوە.

نفووز و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ئاستی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و نەتەوەکان و لە هەموو گرینگتر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی سەندوە و قووڵتر بۆتەوە. هەوڵە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئالترناتیڤسازی و هەوڵەکان بۆ داڕشتنی پلاتفۆڕم و بەرنامە بۆ چۆنیەتی داڕشتنەوەی ئێرانی داهاتوو دەریخست کە بەبێ ئەولەویەتدان بە پرسی کورد و قورسایی و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیمکانی پێکهاتنی هەر پلاتفۆرمێکی دڵخواز و وڵامدەر بۆ ئێرانی داهاتوو لاوازە. پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستی بایکۆت و تەحریمی هەردوو بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی (لە ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢) و سەرۆک‌کۆماری (لە ٨ و ١٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ) و بانگەواز بۆ نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان و، هەروەها ڕەفتار و هەڵوێست و پەیامەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ نیشانیان دا کە هەڵوێست و گوتاری ئەم حیزبە لە کردار و هەڵوێستی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواریدا ڕەنگدانەوەی "عەینی"یان هەیە و خەڵکی کوردستان هەر وەک هەمیشە حیزبی دێموکرات بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خەباتی نەتەوایەتیی خۆیان دەزانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ بزووتنەوەی ژینا و بەشداریی جەماوەریی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە بزووتنەوەی نوێی گەلەکەماندا، ڕۆڵی ژنان و لاوان، قوتابیان و خوێندکاران، مامۆستایانی قوتابخانە و ئایینی، بازاڕییان و دووکانداران و سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی بەرز دەنرخێنێ و پشتیوانیی خۆی لە خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ئێران دووپات دەکاتەوە. هەروەک لە یەکێک لە دەقە ڕەسمی و پەسەندکراوەکانی ڕێبەریی حیزب‌دا هاتووە؛ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانیی لە خەبات و پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و ئێران بە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و رەسالەتە مێژووییەکەی خۆی دەزانێت. بۆیە لەگەڵ بەئامانجگرتنی کۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی پتری خەباتی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامیی لە هەوڵەکانی بۆ درووستکردنی هاوپێوەندیی زیاتر لەگەڵ نەتەوە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەدات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەبات بە پێی دۆخ و هەلومەرج، پشتیوانی لە مێتۆدە مەدەنییەکانی خەبات بە مەبەستی هەرچی زیاتر بەجەماوەریکردنی بزووتنەوەی سیاسی – نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکات".

هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب، جێی خۆیەتی یادی ڕوداوێکی دیکەی ژیانی حیزبەکەمان بکەینەوە کە دوو ساڵ پێش ئێستا و هەر لەم مانگەدا وەک لاپەڕەیەکی پڕ دەسکەوت لە مێژوودا تۆمار کرا. ئەویش یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات بوو کە بە "یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" ناودێر کرا.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دوای ١٦ ساڵ لێک‌دابڕان لە ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاوی و لە ئاکامی پرۆسەیەکی پڕ لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بەهێند وەرگرتنی ویستی خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی حیزب گەیشتە ئەنجام کە بەخۆشییەوە بووە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئەم حیزبە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ شوێندانەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا. وەک چۆن لە شۆڕشی ژیناشدا بینیمان کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە چ ئاستێکدا متمانەی خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشان دایەوە و هەروەها ئەو شوێندانەری و کاریگەرییە بە چ شێوەیەک کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حیزبی دێموکرات پاڵ پێوە نا.

ئێستا کە یادی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب بەرز ڕادەگرین، بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب پەیمان نوێ دەکەینەوە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەڵێنجراو لە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە و لەپێناوی وەدیهێنانیاندا بە هەزاران کەس لە ڕێبەری، کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب گیانیان بۆ فیداکردوە، درێژەدەری ئەم ڕێگایە بین.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی ٧٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ناوی دامەزرێنەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد، شەهیدانی ڕێبەر، بەتایبەت شەهیدان د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، و د. سەعید شەرەفکەندی، شەهیدانی نیزیک بە ٨٠ ساڵ تێکۆشان و خەباتی نەپساوەی ئەم حیزبە و بنەماڵە بەڕێزەکانیان و هەموو تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە و، هەروەها ئەندامانی حیزب، سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەکانی کوردستان کە بە فیداکاری، ئەرک‌وەخۆگری و پشتیوانیی بێ‌درێغیان یارمەتیی بڕینی ڕێگە هەڵەموت و قۆناغە سەختەکانی ژیان و خەباتی حیزبی دێموکراتیان داوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی**

---

درێژەی

## ٢٨ی گەلاوێژ و فیتوای جیهادێکی بەردەوام دژی کورد

... دەبیندرێ گیانیان لێ ئەستێندراوە. زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی –شوان، وەرزێڕ، منداڵ، کۆڵبەر و کاسبکار– بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و پتر لە ٤٥٠٠ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار و نقوستان بوون

ئەم شەڕە داسەپاوە لە کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا و بە هەموو مێتۆد و شێوازێک درێژەی هەبووە. کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی، کەمترین پشکی لە بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی و بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە، کەچی ئاو، دار، بەرد و زێڕ و کانە سروشتییە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بەتاڵان براوە و تەنانەت لێڕەوار و دارستانەکانیشی ئاگر دراون و سووتێندراون.

هەژاری، بێ‌دەرەتانی و بێکاریی لەڕادەبەدەر لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووریی کوردستانن، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پەرەی بە دیاردەی کۆڵبەری داوە، بەڵام لەوێندەرێش هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کاسبکاران دەچنە کەمینەوە و دەیاندەنە بەر دەسترێژ و ڕۆژ نییە چەند کۆڵبەری کورد خەڵتانی خوێن نەکرێن.

ئەم شەڕە لە بەستێنی کولتووری و شەڕی نەرمیشدا هەم درێژەی هەبووە و هەم دەرەنجامی جیاوازتری لێ کەوتووەتەوە. ستراتیژیی شەڕی نەرمی ڕێژیم لەدژی کورد ئەمە بووە کۆمەڵگەی کوردی تووشی قەیرانی شوناس بکا، مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەواشە و ئاستی داخوازەکانی کورد بۆ لانیکەمی خۆی دابەزێنێ، لە پێگە و هەیبەتی کاریزما و ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد بدا، بە پەرەپێدان بە هەستی ئێرانچیەتی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کورد لاواز بکا، بە دروستکردنی درز و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لە ئێعتبار و متمانەی هێزە دژبەرەکانی بدا و مەیدانیان پێ چۆڵ بکا و؛ دواجار جۆرێک بنوێنێ کە ئەننەهوو شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێران‌دا نەبووە و نییە! بۆ ئەو مەبەستەش ئیمکانات و هێزی ماددی و مرۆیی زۆروزەوەندی تەرخان کردووە. بەڵام هەموو ئەو پیلان و پلانە ورد و درشت و نەرم و ڕەق‌ئامێرییانەی کۆماری ئیسلامی نەک سوودێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە:

ڕێژیم زۆر هەوڵی دا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵێ، کەچی هەر ڕووداوێک و هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد –تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش–دا، ڕەنگدانەوەکەی لە شەقام و چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بە چاوی خۆی دەبینێ. ڕێژیم هەوڵی زۆری دا دیوارێکی گەورە لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سوننە و، دەستەخوشکیی مەهاباد و سنە و کرماشان و ورمێ‌دا دروست بکا؛ بەڵام بوومەلەرزەکەی کرماشان و ئەو حەماسە نەتەوەیی و کوردانەیەی لە ماکۆوە هەتا سەرپێڵی زەهاو وەڕێ خرا، ئەم دیوارەی بەسەر کۆماری ئیسلامی و ستراتیژیستەکانی‌دا ڕماند. چیی نەکرد بۆوەی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان بخا، بەڵام کاتێک ویستی ئاکامی چوار دەیە هەوڵ و بەرنامەدانان و تێچووەکانی لە مووشەک‌بارانی ١٧ی خەرمانان و پاییزی ١٤٠١ی بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا هەڵگرێتەوە؛ مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنەکانی پاییز و دواتری ١٤٠١ و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەخاوەن‌کردنی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان و حیزبە خۆشەویستەکەیان تاساندنی. یان لە تازەترین ڕووداودا کاتێک پزشکیان، سەرکۆماری نوێی ڕێژیم سەبارەت بەوەی لە لیستی کابینەی پێشنیارکراو بۆ کابینەکەی بە مەجلیس ناوی هیچ کوردێکی تێدا نییە، ڕەخنەی لێ دەگیردرێ؛ لە وەڵامدا دەڵێ جا خۆ لە کوردستان دەنگ نەدراوە و خەڵکی کورستان بەشداری هەڵبژاردنەکان نەبوون!

پاش ٤٥ ساڵ، ٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆژیادی فیتوای خومەینی دژی نەتەوەی کورد دەرخەری دوو دنیابینیی جیاوازی کورد و کۆماری ئیسلامی و، هەروەها بەڵگەی بەرحەقی خەباتی کورد لە ئێران لەپێناو مافە نەتەوەیی و مەدەنییە ڕەواکانی لەدژی کۆماری ئیسلامییە. لە ئێستادا و پاش ٤٤ ساڵ لە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی خومەینی دژی کورد ئەگەر ڕێژیم لە زەلکاوی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا نوقم بووە و ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە بەردەم خویدا نابینێ، بەڵام جووڵانەوەی سیاسیی کورد بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکرات لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە مەودایەکی زۆریان بەرەو سەرکەوتن بڕیوە و ئێستا کوردستان بە دەروازەی ڕاپەڕین، سەنگەری لەگیراننەهاتوو و هەروەها ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دادەنرێ.

رۆستەم جەهانگیری:

# کوردستان هەر لە سەرەتاوە کۆسپی بەردەمی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژیا مەزهەبییە سەرکوتگەرەکەی بوو

دیمانە: ئاڤان سنەیی



**ئاماژە:** فتوای جیهادی خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دژی کورد لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هەر تەنیا ڕاگەیاندنی شەڕ و بڕیاری کوشتاری خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو دەرخەری جیاوازییەکانی دوو عەقڵییەتی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بوو. عەقڵییەتێک کە دەیویست لە ڕێگەی دیالۆگ و تێگەیشتن لەسەر بنەماکانی مافەوە ئەم پرسە چارەسەر بکا و عەقڵییەتێک کە تەنیا سڕینەوە و زمانی چەک و ئاگری دەناسی. ڕوویەکی دیکەی ئەو مێژووە خۆڕاگری و چۆکدانەدانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی بوو. "کوردستان" بۆ باسێک لەو قۆناغە مێژووییەی خەباتی کورد لە ئێران دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات پێکهێناوە:

**کاک ڕۆستەم با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە بۆچی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ئێراندا گرینگە؟**

بۆیە گرینگە چۆنکی گەلانی ئێران تازە لە شۆڕشێکی سەراسەری لەدژی ڕێژیمی ملهۆڕی پەهلەویدا سەرکەوتبوون و گەلی کورد پێی وابوو ڕێژیمێک کە دێتە سەر کار، ئازادی و دیموکراسی و ژیانێکی ئارام و خۆشی بۆ گەلانی ئێران بەدی دێنێ و گەلانی ئێران لە ژێرچەپۆکی ڕزگار دەبن. بەتایبەت گەلی کورد کە وەک هەموو گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی بەشداریی شۆڕشی کرد و خوێنێکی زۆری لێ چۆڕابوو. گەلی کورد ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی بۆ مافی نەتەوەیی دەزانی، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە هەڵوێستی مەلاکان و حکوومەتی تازەی ئێران کە پێشتر باسی ئازادی و ڕزگاری و هەروەها نەمانی سیستەمی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری حکوومەتی دژە گەلییان دەکرد، ڕێک پێچەوانە دەرچوو. گەلی کورد کە داوای سیاسییان هەبوو و، داوای مافی خۆیان لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیان واتە حیزبە سیاسییەکانەوە دەکرد. بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو وەڵامی ئەم داوا ڕەوایانەی گەلی کوردیان نەک نەداوە، بەڵکوو لە پێشدا لە سنە و دوایە لە پاوە و ناوچەکانی دیکە شەڕیان لە دژی کورد هەڵگیرساند و کوردیش بەرەڤانیان لە خۆیان و دەسکەوتەکانیان کرد. بۆیە کورد و کوردستان لە بەرامبەر هێرشی هێرشکەران تەسلیم نەبوون، بەرگرییان کرد و دوژمنیان تووشی شکست کرد. بۆیە ئەم ڕۆژە دەکرێ ناوی بنێین، ڕۆژی بەرخۆدانی کوردستان لە بەرانبەر ڕێژیمی مەلاکانی ئێران. چۆن هەر لەو ڕۆژەدا ڕێژیمی مەلاکان بڕیاری جیهادیان بە دژی گەلی کورددا. کورد لە هەمبەر ئەو جیهادە بەرگریی بێوێنەیان کرد، بۆیە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە ڕۆژێکی زۆر گرینگ لە لاپەڕەکانی مێژووی پڕ سەروەری کوردستاندا تۆمار کراوە.

**پێتان وایە ٢٨ی گەلاوێژ بەرهەمی بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو؟ دنیابینیی کورد کە سیلەی چاوی لە ماف و ئازادی و دیموکراسی بوو، و دنیابینیی دەسەڵات کە دژی هەموو ئەو بەها و بایەخانە بوو؟**

بەڵێ زۆر ڕاستە. لە ئەسڵدا خاڵی هاوبەشی دەسەڵاتەکانی یەک لە دوای یەک لە ئێران سەرکوتی گەلانی ژێردەستەن بە خاسمانی گەلی کورد کە چ لە دەورانی پاشایەتی و چ لە دەورانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بێبەش کراون. کورد لە چەند لاوە لەگەڵ سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە ناتەباییدا بوو. بزووتنەوەی کورد داوای ئازادی و دیموکراسی و مافی یەکسانی بۆ ژن و پیاو دەکرد، لە هەموو گرینگتر بزووتنەوەی کورد داوای سیستەمێکی سێکۆلاری دەکرد، ئەم داوایە لەگەڵ بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپەرەستی ڕێژیم نەک لە ناتەباییدا بوو، بەڵکوو ڕێژیم لەگەڵ ئەم بیر و هزرە دژایەتیی ڕەهای هەیە. کورد خۆدانی ئەحزابی سیاسی و لائیک بوو بەو مانایە ئەحزابی لائیک و سیستەمی ئەحزاب لەو نیزامەدا بڤە بوو. کورد داوای دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران بوو لە نێوان گەلانی ئێران و حاکمانی تاران، دابەشکردنی دەسەڵات لە تاران نێویان ناوە جوودایخوازی(تجزیه طلب) کورد چەکی لە دەستدا هەبوو و تەسلیمی حکوومەتی کۆنەپەرەستی نەبوو. لە هەموو گرینگتر کورد مافەکانی خۆی چاک دەناسی و ئەحزابی کوردی ویستەکانیان لەگەڵ خواستی گەلی کورد بە یەک گرێدراون. ئەوانەی سەرێ باسمان کرد، لە بیر و هزری کۆماری ئیسلامی جێگای نەبوو. بەداخەوە ئەم ویستانە لەگەڵ نیزامی پاشایەتی هەروا بوو یانێ دەرحەق بە مافەکانی کورد وەک یەک بیر دەکەنەوە.

**ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ هەر ڕووداوێک بوو کە دەکرێ لە بەستێنێکی مێژوویدا خوێندنەوەی بۆ بکەین، یان سەرەتا و دەسپێکی ڕەوتێکی مێژوویی کە هەتا ئێستاش درێژ کراوەتەوە؟**

بەڕای من هەر دووکی ڕاستە، یەکەم ئەوەیە کە ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ، دوو لایەنی دژبەری یەک بیریان دەکردەوە. لایەنی کۆماری ئیسلامی بڕیاری خۆی دا کە دەبێ حکوومەتی ئیسلامی و دیکتاتۆری مەزهەبی یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت یەک ئاڵا بە شێوازی ئیسلامی شیعەی دوازدە ئیمامی خۆی بسەپێنێ. بەربەستی گەورەی لەسەر ڕێگای وەدیهاتنی ئەم بیرو هزرە کوردستان بوو، بۆیە پێی وابوو کە دەبێ بە شێوەیەک کوردستان سەرکوت بکەن و بزووتنەوەی ئازاد و دیموکراسیخوازی سەراسەریی ئێرانی پێی بێدەنگ بکەن. کوردیش بڕیاری خۆیان دا، کە دەبێ لە بەرامبەر هێرشی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاوەستن و بەربەرەکانیی ڕەوا بکەن. لە واقعدا لەو بڕیارەدا کوردستان سەرکەوتوو بوو. دوای چەند مانگ خومەینی داوای لێبوردنی لە گەلی کورد کرد و بەناو دەرگای وتووێژی کردەوە. هەرچەند ئەویەش بە پیلان و دەهۆ بوو، بەڵام لەو مەرحەلەیەدا شۆڕشی کورد هەبوونی خۆی سەپاند و توانی پێش سەرکوتی ئازادیخوازی لە سەراسەری وڵات بۆ ماوەیەک بگرێ. بەستێنی دیکە ئەوەیە کە تراژێدیای وەک ٢٨ی گەلاوێژ لە شۆڕشی کوردستاندا زۆرمان هەیە. کە لە مێژووی بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەیی کوردستاندا تۆمار کراوە، تراژێدیای کۆمەڵکوژی شۆڕشی دێرسیم، شەهیدکردنی سمکۆی ڕێبەر و ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی ... نموونەی دیکە لە بزووتنەوەی نەتەوەییخوازی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زۆرن. بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧، دەستپێکی ڕەوتێکی تازەی مێژوویی پڕ سەروەریی کوردە.

**جاوید ڕەحمان لە ئاخرین ڕاپۆرتی خۆیدا وەکوو ڕاپۆرتێری شوڕای مافیمرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی باسی لەو کۆمەڵکوژییانە کرد کۆماری ئیسلامی دوای فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خۆمەینی لە کوردستان خوڵقاندی و تەنانەت بە ژینۆساید ناوی برد، چۆن دەکرێ ئەمە بکرێتە دەسکەوتی سیاسی بۆ جووڵانەوەی کورد؟**

بەداخەوە دوای زیاتر لە چوار دەیەیە کە بە ڕێبەری خومەینی فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دراوە و بە ڕەسمی لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران زۆر بە بێشەرمیو بە ئاب و تابێکی زۆرەوە بڵاو دەکرایەوە. لە دژی گەلێک کە هەم موسڵمان بوون و هەم داوای ئازادی و مافی زەوتکراویی خۆی دەکرد. هەموو دنیا گوێیان لێ بوو و چاویان دەیدی. بەداخەوە لەو دەمیدا لەو جیهانە پان و بەرینەدا لەو هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بە تایبەت ڕێکخراوە نەتەوە یەککگرتووەکان هەموو گوێیان کەڕ بوو، چاویان کوێر بوو و کوردیان بە تەنیا هێشت و ڕێژیم کەوتە کۆمەڵکوژکردنی گەلی کورد، و ئەوان تەنانەت کەس بە وشەیەکیش مەحکوومی نەکرد. ئێستا کە جاوید ڕەحمان لە ڕاپۆرتی خۆیدا وەبیری دنیا دێنێتەوە دیسان هەر باشە. بە ڕای من حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو هێزە دیپلۆماسییەکانی خۆیان ئەم هەلە بقۆزنەوە وەک بەڵگەیەکی فەرمی لە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دنیا و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافیمرۆڤ بێنە بەر باس بە یەکدەنگی پێشلکردنی مافی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەنە بەر دیدی جیهان. ئەمە بەڵگەیەکی یاساییە، دەکرێ ڕێژیمی پێی ڕیسوا بکەین ڕای گشتیی جیهان لێی ئاگادار بکەن، کورد نابێ لەو جینایەتە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا بە سەر کورددا هێنراوە بێدەنگ بێت.

**پێتان وانییە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دیموکرات لە دیپلۆماسیی دەرەکی و لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مافی مرۆڤییەکان لاواز جووڵاونەتەوە؟ ئەوە کە نەیانتوانیوە ئەوە بکەنە کەیسێکی مافی مرۆڤیی بەربڵاو و کاریگەر لە دژی ڕێژیم؟**

بەداخەوە، بە هۆی پەرشوبڵاوی نێوماڵی کورد، لەگەڵ جەنابت هاوڕام. کە دەبوا حیزبەکان بە هەموو هێز و توانای خۆیان و بە یەکدەنگ پێکەوە هەموو دەرگا داخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافیمرۆڤ بکوتن، هاواری بێدەرەتانیی گەلی کورد بە گوێ کپبووەکانی ئەم جیهانە بگەیەنێ. پێمwaیە هەر حیزبێک بەپێی هێز و توانای خۆی بە تایبەتی حیزبی دیموکرات کە بە هۆی دیپلۆماسیی پان و بەرین، هەم دۆستی زۆر و هێزی زۆری لە ئورووپا و ئامریکا هەیە، دەتوانن کاری زۆر باش بکەن. بەڵام دوو هۆکار هەن کە پێموایە تێدا سەرکەوتوو نەبوون. پەرشوبڵاویی ئەحزابی کوردی، هەر لایەنێک بۆ خۆی پێوەندییەکانیان بەڕێوە دەبرد، ناکرێ بڵێین کاریگەری نەبووە، بەڵام نەیانتوانی دەرگا داخراوەکان بکەنەوە، بە ڕای من ئەگەر بە هاوبەش بە یەک هەیئەت چووباین، دەکرا زۆر کاری باش و بەجێ بکەین. دیسان نەچووە بچێ، ئەرکی سەرشانی ئەحزابی کوردی ڕۆژهەڵاتە لەو قۆناغە سەختە مێژووییەدا لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و پێکەوە کار بکەن و بە بەرنامەی هاوبەش، دەنگی کپکراویی کورد لە ڕۆژهەڵات بگەیەنێتە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی. ڕای گشتیی جیهانی، تەنانەت نوێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە گوێیان لێی دەبێ و دەنگیان دەگاتە ئاستی هەرەبەرزی جیهان. بەڵام یەکدەنگی و یەکگرتوویی هەموو ئاستەنگەکان دەبڕێ.

**پێتان وایە کە مێژوو لە ئێران لە گۆڕینی ڕێژیمەکانیشدا دووپات دەبێتەوە، بەو مانایە کورد چۆن دەتوانێ ڕێ لەو ڕووداوێکی هاوچەشنی ئەوە لە داهاتوودا بگرێت؟**

بەداخەوە دەبێ بڵێم، بەڵێ. بە گۆڕینی ڕێژیمەکان چ لە ئێران یان لە عێراق و سووریە و تورکیەدا، ئەم تراژێدیانە دووپات دەبنەوە. تەنیا یەک ڕێگا هەیە کورد بتوانێ پێشی ئەم ڕووداوانە بگرێ، ئەویش خەباتی خۆیان هەمە چەشنە بکەن. لە هەموو ڕێکارەکان و دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن. خەبات لە نێوخۆ گەشە پێبدەن. لە دەرەوە لە پێوەندییەکانی خۆیان زیاتر پەرە پێ بدەن. ببنە دەنگی بەهێزی بزووتنەوەی نێوخۆی وڵات، بەڵام لە پێشدا دەبێ یەکگرتوو بین، چون یەکگرتوویی، هەم بۆ خەباتی نێوخۆ هەمیش بۆ خەباتی دیپلۆماسی لە دەرەوە زۆر باشە و دەنگی کورد بە هێزتر دەکات.

## بڵقی سەر ئاو

ڕۆژە مێدیا

**"دوو کەلیمەشتان کوردی قسە لەگەڵ دەکەم..."**

هەندێک کەس و لایەن پێش هەڵبژارنەکان پێیان وابوو مەسعوودی پزشکیان بە نیسبەت بەربژێرەکانی تر و تەنانەت کاندیدا و سەرکۆماری خولەکانی پێشووتری سەرۆککۆماری کەسێکی جیاوازە و ڕەنگە ئەو ڕێفۆرمخوازێکی ڕاستەقینە بێ. پزشکیان لە کاتی بانگەشە و کێبەرکێ لەگەڵ بەربژێرەکانی تر دەستی خستە سەر هەندێک بابەتی بڤە کە بووە هۆی ئەوەی سەرنجی زۆر کەس و لایەن بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بۆ نموونە باسی لە گەشتی ئێرشاد دەکرد کە چی دیکە نابێ ئەو سیستەمە بۆ بەربەستکردنی ئازادیی کچان و ژنان بمێنێ، یان باسی لەوە دەکرد لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەودا ئینترنێت چی تر فیلتێر نابێت و ئەو گرفتەش بۆ خەڵک چارەسەر دەکا. یان ئەوەی دانی بەوە دادەنا کە نەتەوە غەیرە فارسەکان لە بەشدارکردنی دەسەڵات و ئیدارەی وڵاتدا غەدریان لێ کراوە و بەڵێنی دا لە ئەگەری سەرکەوتنیدا لە کابینەی دەوڵەتدا بەشداریان بکا و کۆتایی بە مێژووی هەڵاواردنەکان لەسەر بنەمار ڕەگەز و نەتەوە بێنێت. ئەو بەڵێنانە و زۆر بەڵێنی تر بوون کە پێش ئەوەی لاقی بگاتە پاستۆر بە خەڵکی دەدا، بەڵام وادە و بەڵێنی ئەویش هەروەک سەرۆککۆمارەکانی پێش خۆی و تەنانەت وەک وادە و بەڵێنەکانی ڕێبەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بوون بە بڵقی سەر ئاو و بە ڕادەستکردنی لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی بە مەجلیس کورد گوتەنی کێو ترەکی و مشکی بوو.

هەڵسوکەوتی پزشکیان لە دوای هێنانەسەرێی ناوی لە سندووەکانی دەنگدان و وەرسووڕانی تەواو لە قسە و باس و بانگەشەکانی کاتی هەڵبژاردن، هەلبژاردن و دیاریکردنی کۆمەڵێک ڕوخسار وەک جێگری سەرۆککۆماری بۆ بواری جۆراوجۆر و دواتر لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە کە پزشکیان نەکهەر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانی تر نییە، بەڵکوو ڕێک لەسەر هەمان ڕێچکە هەنگاو دەنێ و بگرە ئەوەیان پتر لەوانی تر ملکەچی خامەنەیی و بەیتەکەیەتی. وەک چۆن بۆخۆی هەتا ئێستا دەیان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ڕایگەیاندوە بەبێ ئیزنی ئەو کورد گوتەنی قامک لە ئاو ڕۆ ناکا و هەموو ڕا و تەکبیرێکی بە ئەو دەبێت. بەمجۆرە پزشکیان سەلماندی تەواو پێبەندی وادە و بەڵێنەکانیەتی، بەڵام ئەو بەڵێنانەی بە خامنەیی دابوو، نەک ئەو خەڵکەی بە هیوای کەمە گۆڕانێک ئامادە ببوون ڕیسوایی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەگیان بکڕن.

جیاواز لە پرسی کابینە، لە بابەت پرس و بابەتەکانی دیکەش هەروایە و دەرکەوت چێشتی خۆش لە ئەنگۆڕێ‌ڕا دیارە. بە بەرچاوی پزشکیان ئێعدامەکان زۆر زیاتر لە قۆناغی برایم ڕەئیسی جێبەجێ دەکرێن و تەنانەت ئێعدامی بەکۆمەڵ وەرێ کەوتوە، کۆڵبەرکوژی هەروەک جاران درێژەی هەیە، گوتار و سیاسەت و دەراوی زاری پزشکیان لە هەبەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پرسە ناوچەیی و جیهانییەکان نەک نەگۆڕاوە، بەڵکوو توندتر لە جارانە و بەوەش ڕا دیارە هیچ کرانەوەیەکی سیاسی و ئابووری ڕوو لە ئێران ناکات، بۆیە پێویست ناکات تەنانەت ١٠٠ ڕۆژیشی کات بدرێتێ بۆوەی بزاندرێ لە تاقیکارییەکاندا چۆن دەردەچێت!



ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کاروکردەوە و گوتاری پزشکیان دوای هەڵبژاردن و لیستی پێشنیاریی کابینەکەشی سەلماندیەوە لە ڕوانگەی مافیای دەسەڵاتەوە ئێران وڵاتی کورد، بەلووچ و نەتەوە نافارسەکان و هەروەها سوننی و ئایین و ئایینزا غەیرە شیعەکان نییە، ئەگەرچی هەر لەجێدا بوونی چەند مۆرەیەکی ڕێژیم لە نەتەوە و ئایینزاکانیش نەیدەتوانی تەعبیر لەوە بکات کە ئێران وڵاتێکە بۆ هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرەکانی نێو ئەو قەوارەیە! بەدەر لەوەی ئاخۆ پزشکیان چۆن توانی بەشێک لە بیروڕای گشتیی وڵات لە خشتە ببات و هیوایەک بە گۆڕانکاری لە ڕێگەی ناتوندوتیژ و سندووقەکانی دەنگدانەوە دروست بکات، بێگومان پزشکیان دوا دەرفەت بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا بوو کە ڕێژیم ئەو دەرفەتەشی لەبار برد. سیاسەتی دەوڵەتی پزشکیان دەریخست کە لە ئێرانی بندەستی مافیای ویلایەتی فەقیهـ و دەسەڵاتی ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکاندا هیچ مافێکی بەحەق بۆ نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتە بەڕەوا نابیندرێت. هەروەها لە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیدا هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵکدا ناکرێت و تەمای ڕێفۆرم و گۆڕان تەنیا هۆکارێک بووە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم. ئەمە جارێکی دیکەش دروشم و دنیابینیی بزووتنەوەی ژینا لە کوردستانی بیرهێنایەوە کە تاکەڕێگای گۆڕینی ئەو دۆخە و گەیشتنی خەڵک بە ماف و ئازادییەکانیان یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی بۆ تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییە.

## حەسەن شەرەفی:

# دامەزرانی حیزبی دێموکرات خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورددا بوو

دیمانە: شەهرام سوبحانی



**ئاماژە: بێگومان ٢٥ی گەلاوێژ یەکێک لە گرینگترین ڕۆژە مێژووییەکانی نەتەوە کوردە، چونکە لەم ڕۆژەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێڕنی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر دامەزرا. ئەم حیزبە هەم ڕێچکەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد داڕشت و هەم بووە هۆی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی حیزبێکی ئەمڕۆیی و نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتدا خۆیان ببیننەوە و خەبات بۆ ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن. لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس لە بایەخمەندی، دەسکەوت و کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.**

**کاک حەسەن با بەم پرسیارە دەست پێ بکەم، گرینگی و بایەخمەندییەکانی ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی سیاسیی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چیدایە؟**

هەرکام لە بزووتنەوە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایەخ و شوێندانەری و گرینگی خۆیان هەبووە. و خاوەن تایبەتی خۆیان بوون، بەڵام گرینگیی ٢٥ی گەلاوێژ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا دامەزرا وەک سەرەتایەک لە تێکۆشانی نەتەوەیی و لە لایەک بوونی حیزبێکی مۆدێڕن بۆ خەبات لەپێناو وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد بە ڕادەیەکە کە دەکرێ ناوی وەرچەرخانی گرینگ لە ڕەوتی خەباتی کورد بە گشتیی پێ بدەین. بەو مانایە کە شێوەیەکی تازە لە جۆری خەباتی بە دوا دەهات کە سیمای بزووتنەوەی کوردی بە تەواوی گۆڕی لە خەباتی تەنیا نەتەوەییەوە بەرەو خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک برد.

لە ڕێبەری فەردییەوە خستیە سەر ڕێڵی ڕێبەریی جەمعی و لە دەوری ڕێبەریی کەسایەتی ئایینی و عەشیرەییەوە بەرەو دەوری ڕێبەری سیاسییەوە پێشی خست. لە بزووتنەوەی خێڵەکی و بێ بەرنامەییەوە بەرەو حیزبایەتی و یاسامەندی و خاوەن بەرنامەی ڕوونی سیاسی برد و شکڵی پێدا و لە کۆمەڵگەدا جێگیری کرد. بەڕاستی ئەگەر بمانهەوێ سەرجەم بابەتە ئەرێنییانە دەست نیشان بکەین کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا هاتنە ئاراوە یا شیکاری بۆ بکەین هەر بابەتەی و هەر بەرگێکی کۆمەڵێک وتارە و دەرەتانی لێکۆڵینەوەی وردی پێویستە.

**پێتان وایە گرینگترین و چارەنووسسازترین برگەکانی مێژوویی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٨ دەیەی ڕابردوو کام قۆناغ و سەردەمن و بۆ؟**

٨ دەیە خەباتی بێ پسانەوە و بەردەوام بە بەرنامەی سیاسی و بە ئیرادەی درێژەدان بە تێکۆشان و قوربانیدان ئاشکرایە چەند و چەندین بڕگەی مێژوویی لە خۆ دەگرێ کە دەربڕی هەڵکشان و داشکان و سەرکەوتن و لەخۆباییەنەبوون و شکست و نائۆمێدنەبوون و کەوتن و هەستانەوەن و هەر کامیان بە جیا شیاوی لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەن. بەڵام ئەگەر بە شێوەی ئاماژەیی قەناعەت بکەین بە بڕوای من بڕگەی دامەزراندنی حیزب خۆی یەکێک لەو بڕگە گرینگانەیە کە بە کورتی لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمان لێ کرد. بڕگەی دواتر کە خۆی بەرهەمی بڕگەی یەکەم بووە، دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسیی کورددا ئەو نەتەوە بوو بە خاوەن کیانێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردی لە شکڵی کۆماریدا و ئاکامە ئەرێنییانەی بە دوای خۆیدا هێنا کە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ کورد دەستەبەربوون. بڕگەی سێهەم لە ڕوانگەی منەوە ئاڵوگۆڕەکان و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتدا بوو کە ساغکردنەوە و کۆکردنەوە و سەریەکخستنەوەی ئەندامان حیزب و شکڵی ڕێکخراوەیەکی بە واقیعی بە حیزب بەخشی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بۆ حیزب دەستەبەر کرد. سیاسەتی سەربەخۆیی لە حیزبدا جێگیر کرد و کەسایەتییەکی بە حیزب بەخشی کە بەڕاستی شیاوی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوو. دیارە حەرەکەتەکانی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ و پێش و دوای ئەویش ئەوەندە گرینگ هەن کە دەبێ بایەخی خۆیان پێ بدرێ و هەرکام لە کات و شوێنی خۆیدا شیکارییان بۆ بکرێ. بڕگەیەکی دیکەی گرینگ لە مێژووی حیزبدا ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا بوو کە پاش ئەوەندەی سەرکوت و زیندانی ئەندامان. خەڵک لە میتینگی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهاباد ئامادە بوون و ڕیشەداربوونی ئەو حیزبەی لە دڵی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا نیشان دا. جیا لەوە لەو هەڵبژاردنانەی کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوون کاندیدەکانی حیزب لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە چوون هی حیزبی دێموکرات بوون کە جارێکی دیکە قورسایی و خۆشەویستی ئەو حیزبەی خستەوە بەرچاوی هەموو لایەک. لە ماوەی زیاتر لەو ٤٠ ساڵەشدا کە خەبات و تێکۆشانی حیزب پاش فتوای کوشتاری کورد لەلایەن خومەینییەوە سیمایەکی ناسراوتر و شوێندانەرتر لە خۆڕاگر بە خۆیەوە گرت چەندین بڕگەی گرینگی لە فیداکاری و سەرکەوتن و ڕووداوی تاڵ و بە ئازاری تاقی کردەوە شەهیدکرانی ڕێبەران و شەهادەتی تێکۆشەران، دابڕان و ترازانی نێوخۆیی، بەم حاڵەش بە هەڵگرتنی ئەو زامانەش بە چۆک دانەهات و بە قامەت و سیمای تایبەت بەخۆیەوە لە مەیدانی خەباتدا هەروا سوارچاک و چالاک مایەوە. لە بەرانبەردا یەکگرتنەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەکان حزوور لە هێندێ ناوەندی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن لە پێکهێنانی چەند هاوپەیمانی چ لە کوردستان چ لە ئێران و هەر کام خۆیان وەک بڕگەیەکی تایبەتی شیاوی ئاماژە و لێکۆڵینەوەن کە لەم مەجالە کورت و کەمەدا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە هەمووان بە وردی نییە، چونکە هەموویان گرینگ و پڕ بایەخن

**ئەگەر باس لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە بڕگە گرینگەکانی مێژوویی خەباتیدا بکەین، ئێوە گرینگی بە کامیان دەدەن، یان چۆنیان ڕیز دەکەن؟**

لە ڕاستیدا ئەمە هەموو بڕگەکانی مێژووی حیزب دەگرێتەوە، بەڵام دامەزرانی حیزب، دامەزرانی کۆماری کوردستان و بڕگەکانی نێوئاخنی خەباتی زیاتر لەم ٤٠ ساڵەی دوایی حیزب بەگشتی پێک دێنن دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە بێ.

**کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بووە؟**

کە باسی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ پێش هەموو ناوێک، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێتەوە بەرچاو و دیارتر و زیاتر لەهەر ناوێکی دیکە خۆی دەردەخا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری گرینگ و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لەو بزاڤەدا. لە داهێناندا، لە زام هەڵگرتندا، لە فیداکاریدا هەموو ئەمانە و زۆری دیکە سیمای ئەو حیزبە ئەگەر نەڵێم بە تاقانەیی بەڵام بێگومان بە شوێندانەرترین و جێگای ئۆمێدترببوون بۆ خەڵکی کوردستان دەناسێنێ.

**٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ حیزبی دێموکرات ٧٩مین ساڵی تەمەنی خۆیی تێپەڕ ئەکات حیزبێک کە دوای کەند و کۆسپگەلێکی زۆر هێشتا لە گۆڕپانی سیاسی دا ماوەتەوە، هۆکارەکانی مانەوەی ئەم حیزبە چییە؟**

ئەوە کە پاش ٧٩ساڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو زامانەی هەڵیگرتوون و ئەو شانازییانەش تۆماری کراون هەروا قورس و قایم و بە ئیرادە و ئامادە بۆ فیداکاری تێکۆشەرانی هەر لە مەیدان‌دا ماوەتەوە و بە شوێندانەرییش ماوەتەوە؛ کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو حیزبە دەگرێتەوە کە لە سەروویانەوە دەکرێ ئاماژە بەم سێ خاڵە بکەین.

١. سیاسەتی دروست و واقیع‌بینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢. فیداکاریی و لەخۆبوردوویی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانیەوە.

٣. پشتیوانی بەربڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کوردستان لەو حیزبە کە بە حیزبی خۆیان و بە فیداکاری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان دەزانن.

دیارە لایەنی دیکەش لەو بوارەوە دەوری خۆیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر بە کورتی ئاماژەیی پێ بدەین لەم ٣ تایبەتمەندییەدایە.

**بۆچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە و لە هەموو بەرەکاندا حیزبی دێموکراتی بە سەرەکیترین دژبەر و نەیاری خۆی داناوە؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڵاهەڵگری وەدیهاتنی کۆمەڵێک ئامانج و ئاواتی خەڵکە کە لە دێموکراسی، مافی نەتەوایەتیی کوردی، عەداڵەت و یەکسانی بەرابەری ژن و پیاو و ...دا خۆی دەنوێنێ. ئەوانەش ئەو بابەتگەلەن کە لەگەڵ بۆچوون و باوەڕی ناسەردەمیانە و دواکەوتووەکانی ئیدئولۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتەبان و دابینی ئەوانە بە هۆی ڕووخان و نەمانی خۆی و باوەڕەکانی دەزانێ. جیا لەوە جیددیبوون و پێداگربوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمە و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە حیزبی دێموکراتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران کردووەتە ئامانجی هەموو جۆرە پیلانەکان و سەرکوت و دژایەتیی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی هەتا ئێستا دەرحەق بە حیزبی دێموکرات کردوونی.

**حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرکەوتن لە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئەویش لە سەردەمی ئێستادا پێوستیی بە چ جۆرە ستراتیژییەکە؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستاشدا ئیستراتیژی ڕوونی هەبووە و هەیە و ڕاگەیاندوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرینگەش لە تاکتیکی شیاو و شوێندانەر بەپێی هەلومەرج و دەرەتان کەڵکی وەرگرتوە بەو مانایە ئەگەر ئیستراتیژی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە تاکتیکەکان دەتوانن بەپێی هەلومەرج یا ئاڵوگۆڕیان تێدا پێک بێ یا لە ئەولەوییەت و نا ئەولەوییەتدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، ئەویش بە شێوەی کاتی.

# پزیشکیان ڕاست دەکات، کوردستان فریوی نەخوارد

گوایا لە مشتومڕی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکان و پزشکیان لە مەجلیسدا، پزشکیان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لە پێکهاتەی کابینەی دەوڵەتی پزیشکیاندا پشکی "ئەهلی سووننەت" و "ئەقوام" لەبەرچاو نەگیراوە و بۆ نموونە "کوردێک" وەک وەزیر دەستنیشان نەکراوە، سەرۆککۆماری تازە دەستنیشانکراوی ئێران، مەسعوود پزیشکیان گوتوویەتی؛ "خۆ کوردستان دەنگی نەداوە".

یەکەم ئەوەی کە ئەوانەی بە هیوای دیاریکردنی کوردێک یان هەرکەسێک لە پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی لە کابینەی وەزیرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەشداری لە پرسێکی وەک بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا دەکەن و چالاکی دەنوێنن - ئەگەر چاوپۆشی لە تەماحی شەخسیی خۆی بۆ وەدەستهێنانی پۆستێک و پلە و پایەیەک بکەین - دەکرێ بڵێین نە لە مەسەلەی کورد و داخوازییەکانی تێگەیشتوون و نە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ناسیوە. چونکی نە خەڵکی کوردستان پێیان وایە پرسی سیاسی و نەتەوایەتیی ئەوان بە دیاریکردنی وەزیر و چەند وەزیرێک چارەسەر دەبێ و نە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەقڵییەتی ئاوڕدانەوە لە پرسی کوردی بەو ڕێگارە یاساییانە هەیە کە بیهەوێ بیر لە چارەسەری بکاتەوە.

بەڵام بۆ قسەکردن لە سەر وڵامەکەی پزیشکیان لەسەر ئەوەیکە "کوردستان دەنگی نەداوە"، دەبێ بڵێین؛ ئەلحەق پزیشکیان زۆر باش پەیامی خەڵکی کوردستانی وەرگرتوە و زۆر بە ڕوونیش ئێعترافی بەوە کردوە کە کوردستان لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی نەکردوە. ئەگەر واز لەوە بێنین کە پزیشیکیان لە ڕوانگەی "بەشخوازی"یەوە لە پرسی چنین و دیاریکردنی پێکهاتەی کابینەکەی دەڕوانێ و و پاساو بۆ بێدەسەڵاتی خۆی دەهێنێتەوە، دەکرێ ئەم دانپێدانانەی ناوبراو لەسەر "دەنگنەدانی کوردستان" قسەی لەسەر بکرێ و ڕوانگەی دەسەڵات سەبارەت بە پرسی کورد، شەن و کەو بکرێت. دەنا بەتاڵبوونی کابینەی پێشنیاریی پزیشیکیان لە "ئەقوام" و "ئەهلی سوننەت" هیچ پێوەندییەکی بە هەڵوێستی کوردستانەوە نیە. ئەگەر کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد، خۆ بەرەی توندڕەوی ڕێژیم جیا لە بەشدارییان، ئەو پەڕی دژایەتییان بۆ هێنانی پزیشکیان هەبوو، ئەی چۆنە نیوەی زیاتری پێکهاتەی کابینەکە لەوان و نزیک لەوانن؟!

کەوابوو مەسەلەکە هەم بۆ پزیشکیان و هەم بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە ڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران دژایەتی لەگەڵ پرسی کورد و ئەو پەیامە ڕوون و پڕنێوەڕۆکەیە کە خەڵکی کوردستان بە نەچوونە سەر سندوقەکانی بەناو هەڵبژاردنەکان بە پزیشکیان و کۆی نیزامی سیاسیی لە ئێرانیان دا. چوار مانگ پێش لە هێنانی پزیشکیان، خەڵکی کوردستان و زۆر شار و ناوچەی دیکەی ئێران بە نەچوونەسەر سندووقەکانی هەڵبژرادنەکانی پەرلمان، پەیامی خۆیان گەیاندبوو. بەڵام کوردستان لە نێوان ئەم دوو هەڵبژاردنەدا و لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی نەورۆزدا و لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا – کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی بۆیان لەبیر ناکرێ – پەیامێکی بەهێزتریان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دا. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوای دوو ساڵ سەرکوت و هەڵگرتنی تێچووی قورسی گیانی، بەگوڕتر لە جاران بە کۆماری ئیسلامییان وتەوە کە لە بوونت تێپەڕیوین و بەشداریی لە هیچ شانۆیەکی درۆینت‌دا ناکەین.

پزیشکیان ڕاست دەکات؛ خەڵکی کوردستان دەنگی بە هێنانی ئەو و هیچ کەسێکی دیکە نەدا، چونکی کوردستانی هوشیار و ئاگا فریوی وادە و بەڵێنە درۆیینەکانی ئەو و سناریۆکانی ڕێژیمەکەیان نەخوارد. پزیشکیان زۆری هەوڵ دا لە سەردانەکانیدا بۆ کرماشان، سنە، ورمێ و مهاباد و بە بەکارهێنانی هێندێک "تەرفەند"ی وەک "خۆ لە کورد بە نزیک زانین" و "کوردی قسەکردن" و "لەدایکبوون لە شاری مهاباد" سەرنجی کوردستان بۆ لای خۆی و سندوقەکانی هەڵبژاردن ڕابکێشێ؛ بەڵام وەک خۆی دانی پێ دانا "کوردستان دەنگی نەدا".

کوردستان دەنگی نەدا، بەڵام کوردستان پەیامێکی بەهێزی هەبوو. ئەو پەیامەی کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی لێی تۆقیون. پەیامێک کە ٤٦ ساڵە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ئاڵاهەڵگریەتی و لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییشدا دەرکەوت کە زۆرینەی خەڵکی ئێران ئێستا پێڕەوی لەو پەیامە دەکەن. پەیامی گەیشتن بە ئازادی، بنیاتنانەوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێران کە هیچیان نە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نایەنە دی، بەڵکوو تەواو لە دژایەتیی ماهییەت و نێوەرۆکی ئەم نیزامەدان. پەیامەکە کە ئێستا ماهییەتێکی جەماوەری و گشتیی لە ئاستی ئێراندا پەیدا کردوە، تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتیی خۆی‌دایە.

کوردستان
ژمارە: ٨٧٧
٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٣ _ ٢١ی ئاگوستی ٢٠٢٤

# حیزبی دێموکرات و ٨ دەیە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس

**ڕامیار مەهابادی**

**ئاماژە:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە ڕێکخراوە سیاسییە دیارەکانی کوردستانی ئێرانە کە لە ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٢٤ لەسەر دەستی قازی محەممەد و لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە. ئەم حیزبە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەک هێزێکی پێشەنگ لە شەڕی دژی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و خەبات بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێران ناسێندرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەمیشە پێشەنگی خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد بووە. ئەم بابەتە بە ئاراستەی بەگژداچوونەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان، لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتەکانی ئەم حیزبە دەکۆڵێتەوە.

### دامەزراندنی حیزب و خەبات دژی کۆلۆنیالیزم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ لە کاردانەوە بە چەوساندنەوە و کۆلۆنیکردنی دەیان ساڵەی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران لەسەر خەڵکی کوردستان دامەزرا. قازی محەممەد، ڕێبەری ئەم حیزبە و دامەزرێنەری کۆماری مەهاباد، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە سروشتی سەرکوتگەرانە و کۆلۆنیالیزمی حکوومەتەکانی ئێران، خەباتێکی ڕێکخراوی لە دژی ئەم دۆخە دەست پێکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە.

کۆماری کوردستان کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دامەزرا، هێمای ئەم خەباتە دژ بە کۆلۆنیالیزم و خەبات بۆ سەروەریی کورد بوو. کۆماری کوردستان وەک یەکەمین حکوومەتی کوردی لە مێژووی نوێدا، نەک هەر هەوڵی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسیی سەربەخۆی دا، بەڵکوو هەوڵی ڕزگارکردنی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی لە چنگی کۆلۆنیالیزم دا. قازی محەممەد، وەک سەرۆکی ئەم کۆمارە، بەرنامەی زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی و دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی کوردستانی دەست پێکرد. بەڵام ئەم کۆمارە بە خێرایی و بە گوشارە سەربازییەکانی دەوڵەتی ناوەندی ئێران و ئاڵوگۆڕە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هەرەسی هێنا و قازی محەممەد وەک سیمبولی بەرخۆدانی کورد لە بەرانبەر کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستی شەهید بوو.

### قۆناغی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی: چڕبوونەوەی خەبات بۆ مافی چارەنوس و بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی قازی محەممەد، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ. لەو ماوەیەدا –سەردەمی سەرکردایەتیی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی– شاهیدی چڕبوونەوەی خەباتی حیزب بۆ مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستیی سیستماتیکی حکوومەتی ناوەندی ئێران بووین.

دوکتور قاسملوو کە بە باشی ئاگاداری ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی بوو، هەوڵی دا خەباتی کورد بەرەو ئاستی نێودەوڵەتی ببات و پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کوردستان بەدەست بهێنێت. ئەو پێی وابوو خەڵکی کوردستان بەبێ گەیشتن بە مافی چارەنووسی ناتوانن خۆیان لە یەخەی کۆلۆنیالیزم و ڕەگەزپەرستیی حکوومەتی ناوەندی ئێران ڕزگار بکەن. قاسملوو هەروەها جەختی لە گرنگیی یەکگرتوویی نێوان هێزەکانی کوردستان و هاوکاری لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکەی ئێران کردەوە. د. قاسملوو بە جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چەکداری و دیپلۆماسی توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکاتە هێزێکی خۆڕاگر بەرامبەر سەرکوتەکانی حکوومەتی ناوەندی. بەڵام لە ساڵی ١٣٦٨ لە کاتی دانوستانی ئاشتی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤیەن بە شێوەیەکی دڕندانە تێرۆر کرا. ئەم تێرۆرە ئیرادەی حکوومەتی ئێرانی بۆ لەنێوبردنی هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە کوردستان نیشان دا و بوو بە سیمبولی خەباتی تەواونەکراوی گەلی کوردستان بۆ مافی چارەنووس.

دوای تێرۆرکردنی دوکتور قاسملو، سەرکردایەتیی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستی دوکتور سادق شەرەفکەندی کرا. د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی حیزب، بەردەوام بوو لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان. د. شەرەفکەندیش هاوشێوەی پێش خۆی پابەند بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی سەرکردایەتی دوکتور شەرەفکەندی هەوڵدان بوو بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کوردستان و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خەباتەکانی گەلی کورد و سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی پرسی کوردستان بۆ پرسێکی جیهانی و پاڵپشتییەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە ئورووپا بەدەست هێنا. هەر لەو ئاڕاستەیەدا د. شەرەفکەندی بە کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسیی کارا و دامەزراندنی پێوەندی بەرفراوان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دا گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی ناوەندیی ئێران. بەڵام لە ساڵی ١٣٧١ د. شەرەفکەندی و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێستۆرانتی میکۆنووس لە بەرلین لە کاتی هێرشێکی تێرۆریستی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئاراستەی کرابوو، شەهید بوون. ئەم تێرۆرکردنە کە بوو بە یەکێک لە سیمبولەکانی تاوانەکانی حکومەت بەرانبەر بە کورد، جارێکی تر نیشانی دا حکومەتی ئێران ئامادە نییە مافە نەتەوەییەکانی کورد قبوڵ بکات و درێژە بە سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و ڕەگەزپەرستییەکانی خۆی دەدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ، هەمیشە لە پێشەنگی خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم، ڕەگەزپەرستی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی خەڵکی کوردستان بووە. سەرانی ئەم حیزبە لە قازی محەممەدەوە تا دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بە خۆبەخشی و کۆڵنەدان زەمینەیان بۆ خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد خۆش کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوتی بەربڵاو و تیرۆری ترسنۆکانە، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و یەکگرتن لەگەڵ گەلانی ستەملێکراوی دیکە، ئامانجی کۆتایی خۆی کە بەدیهێنانی ئازادی و دادپەروەرییە بۆ خەڵکی کوردستان بگات

### کۆلۆنیالیزم و سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران لە کوردستان

لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێرانەوە، سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر ناوچە کوردییەکان کەڵک وەرگیراوە. ئەم سیاسەتانە لە سەردەمی پەهلەویدا بە گرنگیدان بە ئاسمیلەکردنی کولتووری و لاوازبوونی شوناسە نەتەوەیی و ئایینییەکان چڕتر کران و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام بوون.

#### – سیاسەتی ئابووریی کۆلۆنیالیزم

کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەکانە، هەمیشە لە گەشەسەندنی ئابووری بێبەش بووە. بە دەرهێنانی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکانی دیکە لەم هەرێمە، بەبێ گەڕانەوەی شیاو بۆ ئابووری نێوخۆیی، حکوومەتی ناوەندی توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات و لە هەمان کاتدا پشتبەستنی کورد بە حکومەتی ناوەند زیاتر بکات. ئەم سیاسەتانە بوونەتە هۆی هەژاری و کەم گەشەسەندن لە کوردستاندا.

#### – لاوازکردنی کولتووری و زمانەوانی

حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی زمان و کولتووری کوردییان داوە. ئەم ڕێوشوێنانە بریتی بوون لە قەدەغەکردنی فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و سنووردارکردنی میدیا و کولتووری و هەوڵدان بۆ ئاسمیلەکردنی کولتووری لە ڕێگەی بەرنامەی ئایدۆلۆژییەوە. ئەم سیاسەتانە وەک بەشێک لە پڕۆژەی کۆلۆنیالیزمی ڕێژیم بۆ تێکدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەپاندنی شوناسێکی فەرهەنگی و مەزهەبی ناوەندی کاریان کردووە.

#### – ڕەگەزپەرستیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی کورد

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای مەزهەبی–شیعی، هەمیشە ڕوانگەیەکی هەڵاواردنانەی لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان هەبووە. لەم نێودا کورد بە هۆی داخوازی ناسیۆنالیستییەوە بووەتە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتگەرانەی ئەم ڕێژیمە.

#### – چالاکی ڕێکخراوەیی: پێکهاتە و ڕێکخستن

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی بانگەشەکانیدا، پێکهاتەی تەشکیلاتی یەکگرتوو و کارایە. ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیدا پەیوەندییەکانی خۆی لە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و جیهانیشدا بە دروستکردنی تۆڕێکی ڕێکخراوەیی بەهێز بەرفراوان بکات.

#### ١. ڕێکخستنی نێوخۆیی و ناوچەیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران توانی لە ڕێگەی پێکهێنانی بەشی نێوخۆیی و ناوچەییەکان لە سەرتاسەری کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و نزیک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دابمەزرێنێت. ئەم بەشانە کە وەک قۆڵی جێبەجێکاری حیزب لە ناوچە جیاجیاکاندا کاریان دەکرد، ئەرکی پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و پەروەردەکردنی ئەندامان لە ڕووی سیاسی و کولتوورییەوە و هەماهەنگی چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان لە ئەستۆ بوو.

#### ٢. بەشی پەروەردە و کولتوور

یەکێکی تر لە چالاکییە گرینگەکانی ڕێکخراوەیی حیزب دامەزرانی بەشی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بوو بۆ پێشخستنی بیرۆکە و ئامانجەکانی حیزب، هەروەها پاراستن و فراوانکردنی کولتوور و زمانی کوردی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای ئەوە، هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە نەوە لاوەکان بە مێژوو، کولتوور و ناسنامەی کورد ئاشنا بکات و ئامادەیان بکات بۆ درێژەی خەبات.

#### ٣. چالاکییە نهێنییەکان

لەو قۆناغانەی کە سەرکوتی حکومەت توندتر بوو و ئەگەری چالاکیی گشتی بۆ ئەو حیزبە سنووردار بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی تۆڕە نهێنییەکانیەوە بەردەوام بوو لە ڕێکخستنی چالاکییەکان. ئەم تۆڕانە کە شانە نهێنییەکان و ناوکی خۆڕاگرییان لەخۆگرتبوو، لە سەختترین هەلومەرجدا بەردەوام بوون لە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو حیزبە.

### چالاکییە سیاسییەکان: لە دانوستانەوە بۆ بەرخۆدان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوشان لەگەڵ چالاکییە تەشکیلاتیەکان، هەمیشە هەوڵی داوە بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدی سیاسی جیاواز، ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت. ئەم چالاکییە سیاسیانە بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەی جۆراوجۆر وەک دانوستاندن، دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری ئەنجام دراون:

#### ١. دانوستان و دیپلۆماسی

یەکێک لە ستراتیژییە هەرە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێشخستنی ئامانجەکانیدا، کەڵکوەرگرتن لە دانوستان و دیپلۆماسی بوو.

ئەم ڕێبازە بە تایبەتی لە سەردەمی سەرکردایەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی سەرنجی درا. قاسملوو، وەک سیاسەتمەدارێکی نوخبە، هەوڵیدا لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێران و هەروەها دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان، پرسی کوردستان بکاتە پرسێکی گرنگ لەسەر شانۆی جیهان.

ئەو دانوستانانەی د. قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤیەننا بەڕێوەی برد، هەرچەندە بە تیرۆرکردنی ترسنۆکانە کۆتایی هات، بەڵام خواستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە بۆ پرسی کوردستان نیشان دا. هەرچەندە ئەم دانوستانانە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام نیشانی دا حیزبی دێموکرات باوەڕی بە دیپلۆماسی و وتوویژو هەیە وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی.

#### ٢. دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ بانگەشەکانی ڕابکێشێت. ئەم حیزبە لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتە دەرەکییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵی داوە گوشارەکانی سەر حکوومەتی ئێران زیاتر بکات و پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی بەرز بکاتەوە.

دوکتور شەرەفکەندی کە لە دوای قاسملوو سەرکردایەتیی حیزبەکەی گرتە ئەستۆ، هەروەها درێژەی بەو ستراتیژەیە دا و توانی بە سەرکەوتنە دیپلۆماسییەکانی پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خۆی ڕابکێشێت. بەڵام تیرۆرکردنی لە چێشتخانەی میکۆنۆسی بەرلین دەریخست کە ئەم هەوڵانە هێشتا پڕن لە مەترسیی جددی.

#### ٣. بەرگریی چەکدارانە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لە چالاکیی دیپلۆماسی و سیاسی، لە سەردەمی جۆراوجۆردا پەنای بۆ خەباتی چەکداری بردوە. ئەم خەباتانە کە بە تایبەتی لە ساڵانی ١٣٤٠ و ١٣٥٠ و دوای شۆڕشی ئیسلامی توندتر بوون، خۆڕاگریی گەلی کوردستانیان لە بەرامبەر سەرکوتەکانی حکومەت و هەوڵەکانی داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان نیشان دا.

خەباتی چەکداری حیزب کە زۆرجار شێوەی شەڕی چریکی و پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتدا گرتبوو، نەک هەر وەک ئامرازێکی بەرگری بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی ئیرادەی کورد لە دژی ڕەگەزپەرستی ناوخۆیی و کۆلۆنیالیزم کاری دەکرد.

#### ٤. ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی جەماوەری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا ڕۆڵێکی کارای هەبووە. ئەم حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە تەشکیلاتییەکانی توانیویەتی ناڕەزایەتی بەرفراوان لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکبخات. ئەم ناڕەزایەتیانە کە زۆرجار بە هۆی سیاسەتی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتی ناوەندییەوە ڕوویان دەدا، هاودەنگیی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و پشتیوانیان لە ئامانج و بیرۆکەکانی ئەم حیزبە نیشان دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چالاکییە تەشکیلاتی و سیاسییە بەرفراوانەکانیەوە، وەک هێزێکی کاریگەر و سەرەکی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا ناسێنراوە. ئەم حیزبە بە پشتبەستن بە پێکهاتە پتەوی ڕێکخراوەیی و کەڵک وەرگرتن لە میتۆدی سیاسی جۆراوجۆر، لە دانوستاندن و دیپلۆماسییەوە تا دەگاتە خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری، هەمیشە هەوڵی گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستانی داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای سەرکوت و تیرۆری بەربڵاو، درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە خوڵقاندنی هاوپشتی نەتەوەیی و ڕاکێشانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی، لە ئامانجە کۆتاییەکانی کە بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ خەڵکی کوردستان نزیک بێتەوە.



# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## (ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات ١١-٧)



سمایل شەرەفی



هەروەک لە قۆناغبەندییەکانی مێژوو و ڕابردووی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستاندا ئاماژەی پێ کرا، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە چەند وێستگەی جیا و جیاوازدا هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە بگرە تا بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی، کاریگەرییان لەسەر گەشە و پووکانەوەی ئەم بزووتنەوەیە داناوە. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دێتە ئەژمار کە ئەویش لە چاخی سەردەمدا دوای هاتنە ئارای حیزب و سازمانەکان وەک دیاردەیەکی مودێرن، بە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمارە. لێرەدا پرسیار لەسەر ماهییەتی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان دێتە ئاراوە کە هەڵگری چ پەیام و گوتارێکە.

لەم پێوەندییەدا ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر جێگە و پێگەی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان و هەروەها ماهییەت و دیسکۆرسی ئەم بزووتنەوە هەیە.

بەپێی هێندێک پێوەری وەک شێواز و نێوەرۆکی ئەو جموجۆڵانەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەکەدا جێ دەگرن و، هەروەها بەپێی ڕەفتاری چالاکانی بوارە جیاوازەکانی ئەم بەستێنە لە بۆنە و کاتی تایبەتدا، ڕەگێک لە نەتەوەخوازی بە کۆی سەرجەم بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستانەوە دەبیندرێ. "لە سەرەتاکاندا کۆمەڵگەی مەدەنیی کورد بە کەڵکەڵەی نەتەوەییەوە لەدایک بوو، دواتر ئەو کۆمەڵگەیە و بزووتنەوەکە هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان لە مەیداندا بوو، نەتەوەخوازی بوو بە بنەمای هەرجۆرە جموجۆڵێکی. بە چەشنێک کە بزووتنەوەی مەدەنی لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا خۆی پێناسە کرد و کەڵان گوتاری سیاسیی کورد و هێما و واتاکانی بوونە سەرچاوەی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری سیاسی، مەزهەبی و فکرییە و، ئەنجومەن و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنیش هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیەن، بۆیە هیچ سەیر نییە دابەشبوونێک لە ئارا دابێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی مەدەنی یەکدەست و خاوەنی پەیامێکی یەکانگیر نییە. بەپێی جوغرافیا و نفووزی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. د. ئازاد محەممەدیانی لەم بارەوە دەڵێ: "لە سەردەمێکدا بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دواتریش تا ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ ئەم بزووتنەوەیە لە موکریان و تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەی ئەردەڵان، شوناسخوازانە بوو، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی، ئەو بەشە لە کوردستان لەسەر ئەساسی کوردایەتی و دواتر بە سەر قۆناغی مافخوازیدا تێدەپەڕێ کە من ناوی دەنێم قۆناغی "داواکاریی تەوەر". بەڵام لە خوارووی کوردستان (ئیلام و کرماشان) درەنگتر باسی شوناس دێتە ئاراوە و هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی "کوردایەتی" دەبێتە واتا سەرەکییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە کە ئیدی هەموو بەشەکانی کوردستان بە بۆنەی میدیا و فەزای سایبێرییەوە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیک دان".

بۆچوونی زاڵ لە سەر ماهییەت و گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە " بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان هەڵگری پەیام و دیسکۆرسی تایبەت بەخۆیەتی و دەیەوێ هەم پارێزگاری لە نەتەوەی کورد و هێماکانی و هەمیش لە نیشتمان و بەهاکانی بکات... ئەمەش وای کردوە کە چالاکیی مەدەنیانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە بەشێک لەو خەبات و بەرگرییەی کە ساڵانێکە کورد پێوەی ماندووە و تێچووی بۆ دەدات".

لەم پێوەندییەدا ناسر باباخانی بە وردکردنەوەی وردە بزووتنەوەکانی نێو چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی وایە؛ "نێوەرۆکێکی ناسنامەخوازانە یان شوناسخوازانەیان هەیە و بە دووی شوناسەوەن و هەموو هەوڵەکەیان ئەوەیە کە، کەرامەتێک بۆ تاکی کورد بگەڕێننەوە". ئەو گوتاری شوناسخوازیی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان لە ژێر کارتێکەریی ویست و داخوازیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبەکاندا لێک دەداتەوە و لەو باوەڕەدایە کە "ئەگەر کوردستان ئەحزابی سیاسی نەبوایە ئەو چەمکی شوناسخوازییە وەک نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کاڵتر و کەمڕەنگتر دەبوو، بۆیە بوونی حیزبەکان و جۆری پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیەی کە دەکرێ بڵێین تەنیا و تەنیا چەمکی شوناس و ناسنامەیە لەیەکیان گرێ دەدا، بووەتە هۆکاری ئەوەیکە بەتەواوی ماهییەتی ئەم جموجۆڵانە ماهییەتێکی شوناسخوازانەی هەبێ. هەر ئەو هۆکارەیە کە ئەم وردە بزووتنەوانە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی جیاواز دەکا". ئەم جیاکردنەوەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ماهییەتی بزووتنەکەوە هەیە. لە گەڵ ئەوەیکە هەوڵ دراوە لە ڕەوت و فەزا و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ و هێندێک جاریش ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر داناوە، بەڵام بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان پاشکۆی گۆڕانکارییە سەرانسەرییەکان نەبووە و ماهیەتێکی سەربەخۆی کوردی وەرگرتووە کە تایبەتە بە کۆمەڵگەی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی حاشا لە شوناسخوازبوونی ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان ناکرێ، ئەم بزووتنەوە بە تەبەعییەت لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەشەی کردوە، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و تێمی دیکەشە کە بە شۆڕبوونەوە بۆ نێو وردە بزووتنەوەکان بە ئاشکرا دیار و بەرچاون. "جەوهەری زۆربەی ئەم بزاڤانە سیاسین، هەر تاوناتاوێک کە چالاکانی مەدەنی لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێن، یان ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات دەبن، دەستبەجێ دەردەکەوێ کە سەر بەکام ڕەوتی فکری و سیاسی بووە. گوتاری بەشێکی زۆریان سیاسییە و زیاتر لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا دەخولێنەوە. هەندێکیان چەپن و لە ئەنجومەنی شاخەوانی و ژینگەپارێزیدا خەریکی کارن، دینییەکان ئەنجومەنی خۆیان هەیە و زیاتر خەریکی تێکۆشانی خێرخوازی و یارمەتیی بنەماڵە هەژارەکان دەدەن و ئەوانەش کە ناسیۆنالیستن لە ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ژینگەپارێزیدا چالاکن. لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا چالاکانی خوێندکاریی نوێنەرایەتیی حیزبەکانیان دەکرد و لە زانکۆکاندا باڵادەست بوون و جووڵانەوەی مامۆستایان تا ڕادەیەک سەربەخۆترن، هەرچەند زۆربەیان سیاسین.

بۆیە لانیکەم لە ڕابردوودا و بە تایبەت لە سەردەمێکدا لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا چالاک ببوون، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی مەدەنی گوتارێکی هاوبەشی نەبووە و زۆر جار ئەم چالاکیيانە پێوەندییان پێکەوە نەبووە. "چالاکیی خوێندکاری لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی تێکەڵ بە ئیسڵاحات لە ئێران بوو و دواتریش وەک گوتاری ناسیۆنالیستی و نەتەوەخوازیی کورد و هەروەها گوتاری سۆسیالیزم و یەکسانیخوازیی چەپیش وەک دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی کەڵکیان لێ وەردەگرت، زۆربەی چالاکانی خێرخوازی لە چوارچێوەی بنکە خێرخوازییەکان، هەوڵی پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی تایبەتیی ئایینی و ئیسلامی سیاسی و سوننیگەرییان دەدا".

خالید تەوەکوللی لەگەڵ ئەوەیکە تەئیدی ئەوە دەکات کە سەرجەم ئەو جموجۆڵە مەدەنییانەی لە کوردستان لە ئارادا بوون - جیا لە جموجۆڵی تایبەت بە پرسی ژنان(١)- ئیدیعای کوردایەتی و شوناسخوازییان هەبووە، بە باسکردن لە دوو هۆکاری سەرکوتی دەزگا ئەمنییەتییەکان و "دەستێوەردان"ی حیزبە کوردییەکان لەو باوەڕە دایە کە "گەرچی بە ڕواڵەت ئەم جموجۆڵانە ئامانی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازیی زۆریان هەیە و هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبووە. بەشێکی لەبەر ئەوە بووە کە دەزگا ئەمنییەکان ناهێڵن ئەو هاوئاهەنگییە دروست ببێ، بەشێکی‌تر دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لە ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئەم دەستێوەدانە لەنێو خوێندکارەکاندا گەیشتە نەهایەت و کۆتایی خۆی. ئەم دەستێوەردانە لە نێوەرۆکی ئەو گۆڤارانەی کە بڵاویان دەکردەوە بە جوانی دیارە و ڕەنگی داوەتەوە".

حاشا لەوە ناکرێ کە بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکە کاریگەریی گوتاری و ڕەفتاریی خۆی لەسەر زۆربەی وردە بزووتنەوەکان داناوە و حیزبەکانیش کە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکەن - نەک بە مانای دەستێوەردان و زیادکردنی هەزینەی ئەمنییەتی - بە مافی خۆیانیان زانیوە کە بە مەبەستی پشتیوانی لێکردنیان و پێشگری لە کەوتنە داوی ڕەوت و لایەنگەلی دیکەی سیاسیی دەرەوەی کوردستان ڕێنمایی بکەن.

لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە پێی وایە "یەکێک لە بزووتنەوەکان کە خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند و هێزێکی بەرینی جەماوەرییە، وەک چەترێک بزووتنەوەکانی دیکە لە خۆ دەگرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بزووتنەوە سەرەکیترەکە خودموختاری بزووتنەوەکانی دیکە بسڕێتەوە. بزووتنەوە سەرەکییەکە دەبێ خاڵێکی سەرەکی ڕەچاو بکا، بزووتنەوەکانی دیکەش دەبێ خاڵێکی تریان لەبەرچاو بێ؛ ئەویش ئەوەیە کە گەشەی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بە خودموختاری ڕێژەیی بوارەکان. بزووتنەوە بەهێزەکە نابێ لەسەر ئەو ستراتیژییە ساغ بێتەوە خودموختاری ئەو بوارانە بسڕێتەوە. خودی پرۆسەی سێکۆلاربوونی کۆمەڵگە یەکەمجار کاتێ ڕووی دا کە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی وەک دەوڵەت و زانست و... لە ژێر دەسەڵاتی ئایین هاتنە دەر و ئۆتۆنۆمیی خۆیان مسۆگەر کرد".

بزووتنەوە مەدەنییەکان دیسکۆرسێکی هاوبەش و وەک یەکیان نییە. بەپێی بەردەنگەکان دیسکۆرس و گوتارەکان دەگۆڕدرێن، لەگەڵ ئەوەیکە ناتوانین بڵێین کە دیسکۆرسی بزووتنەوەی مەدەنی ڕووی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان نییە، بەڵام بەپێی بارودۆخی ئێستای سیاسیی کوردستان، بەردەنگی ئەسڵیی بزووتنەوە دەسەڵاتی زاڵ لە تارانە. لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە لەو باوەڕەدایە کە "پەیامی هاوبەشی هەموو دیسکۆرسەکان "فرەچەشنی لە هەناوی یەکێتی‌دا و یەکێتی لە هەناوی فرەچەشنی"دایە. ئەو پەیامە هاوبەشە لە کاتێکدایە کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە خۆی دایە نەک لە دەرەوە. کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە دەرەوە و ڕووی لە دەسەڵاتی زاڵە، پەیامە هاوبەشەکە دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە تەعبیر بکرێ؛ ئەودەم دەتوانین بڵێین پەیامی هاوبەشی دیسکۆرسە جیاوازەکان بریتییە لە "موقامەت یان خۆڕاگری". ئەو پەیامە چڕکراوانە دوو پەیامی جیاواز نین، بەڵکوو دوو تەعبیری جیاواز لە نێوەرۆکێکی واحیدن. کۆمەڵگەی کوردستان کاتێک ڕووی لە خۆیدا بووە، پەیامەکەی بریتی بووە لە درووستبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان گشت جیاوازییەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ کە بەبێ ئەوەی جیاوازییەکان لەناو یەکدا بتوێنەوە و کورت بکرێنەوە بۆ شوناسێکی واحید، گشت ئەم شوناسە جیاوازانە بە سازکردنی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان خۆیاندا ئیزن بدەن هەموو ئەو جیاوازییانە بمێنن و فۆنکسیۆنی تایبەتی خۆیان هەبێ. واتە فرەچەشن بن. بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لەنێو یەکەیەکدا پێکەوە لە پێوەندیدا بن".

لە گەڵ ئەوەیکە گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوە گەورە سیاسییەکەی بە سەرەوەیە، خۆی لە چوارچێوەیەکی بەرگریکاری دەرهاویشتووە و بە پشت بەستن بە خسڵەتی خەلاق و داهێنەرانەی خۆی - لانیکەم لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، توانیویەتی لە دەرفەت و زەرفییەتی دیکە کەڵک وەربگرێت. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە هەم بەرگریکارە هەم داهێنەرە، هەم هەوڵی پاراستنی شوناسی کوردانە و گەشەی ڕوحیی نەتەوەیی دەدا هەم داواکاریخواز و ماف ویستە و دەسەڵاتی تووشی حاڵەتی بەرگری کردوە و نەهاد و دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی حکومەت مەجبوورن ڕۆژانە لە گەڵ تاقمێک ڕێکخراو و چالاکی مەدەنی دەست و پەنجە نەرم بکەن کە هەمیشە بابەتێکیان بۆ باس و ڕۆژەڤ بوون هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشە بە هێڵە سوورەکانی دەسەڵات دەکەن. لە ڕاستیدا گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کەڵان گوتاری نەتەوەیی کورددا خۆی پێناسە کردووە بەو جیاوازییەوە کە: ١. زەرفیەتە یاسایی و ئیمکانەکانی چالاکی لەبەرچاو گرتووە ٢. بۆخۆی بابەت بۆ چالاکی و هێنانە بەرباس هەڵدەبژێرێ و دەسەڵات مەجبوورە بەدویدا هەڵێ. ٣. بۆتە بەرەی کەڵان گوتاری نەتەوەیی و لەو مەیدانە دایە کە شەڕی سەرەکی لە ئارادایە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیەک کە بەردەوام بە "چالشی" دەکێشێ (محەممەدیانی، ٧).

یەکێک لە کێشەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان کە ئێستا زیانی بە یەکدەستبوونی ئەم بزاڤە گەیاندووە، ئەوەیە کە چاوەڕوان بکرێت کە ئاکامی تێکۆشانی مەدەنی، سازدانی شوناسی نەتەوەیی یان بەربەرەکانی لەگەڵ هەوڵی سڕینەوەی زمانی و کەلتووریی لێ بکەوێتەوە. لە وتووێژێکی تایبەتدا عەبدولعەزیز مەولوودی ئەم چاوەڕوانییە لە بزووتنەوەی مەدەنی بە ناڕەوا دەزانێ و دەڵێ "ئەوە کاری حیزبی سیاسی‌یە نەک ڕێکخراوەی ناحکومی. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرک و توانایی ئەوەی نییە بەڵام ئەو چاوەڕوانییە وای کردوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بکەوێتە نێو بەرداشی گوشاری دەوڵەت لە لایەک و چاوەڕوانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە. بەرداشێک کە دوای ڕاگەیاندنی وەلانانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن بەشێک لە حیزبەکانی خاوەن ڕابردووی کوردستان، گوشارەکە لەسەر بزووتنەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی چڕتر بوو... ئەگەر بزووتنەوەی مەدەنی وەک گوتاری بەرگری لە کوردستان پێناسە بکرێ، دیارە دەستەواژە و گوتاری تایبەتی بۆ خۆی هەبووە و هەشیەتی. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتیش هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی. وەک پشتگیری لە دژبەرانی زمانە نافەرمییەکان لە ئێران و دەسبەسەر کردنی چالاکانی ئەو بوارە بۆ نموونە زارا محەممەدی و هتد".

ئەوەندەی پێوەندی بە هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بەرانبەر بە بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەبێت، لە کەس شاراوە نییە کە تێفکرین و ئەقڵییەتی ناوەندگەرای ئێرانی هەموو جموجۆڵێکی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان بە چاوی سیاسی - ئەمنیەتییەوە سەیر دەکات و هەڵوێستی سەخت و ڕژدیان بەرانبەر دەگرێتە بەر. هەر جووڵەیەک لە کوردستان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ یان لە خزمەت نەتەوە دایە یان خزمەت بە دەوڵەت دەکات و گوتاری دووری لە شوناس بۆخۆی ڕوانگە و هەڵوێستێکی سیاسییە و هەوڵی فۆلکلۆریزە کردنی پرسی کوردستانی هەیە کە لە گەڵ ستراتیژیی دەوڵەتی ناوەندگەرادا گونجاوە. کەوایە بە گشتی تاک و بزووتنەوەی مەدەنی، حیزب و ڕێکخراوە هەموو دەتوانن کاریگەریی خۆیان لە سەر پرسی شوناس هەبێ و پەرەی پێ بدەن.

یەکدەست نەبوونی بۆچوونەکان لە سەر ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی پێوەندی بە جیاوازیی ئەزموون و قۆناغەکانی هەرکام لەو وردە بزووتنەوانەوە هەیە کە بزووتنەوە گشتیی‌یە مەدەنیەکە پێک دەهێن، ئەم وردە بزووتنەوانە (فەرهەنگی، خوێندکاری، ڕۆژنامەوانی، ژینگەپارێزی و...) کە هەر کامەیان وێستگەیەکن لە وێستگەکانی کاروانی خەباتی مەدەنی و لە ڕووی ئامانج و سروشتەوە لێک جیاوازن.

***

١) چالاکانی ژنان ئیدیعای کوردایەتیشیان هەیە. بۆ وێنە زارا محەممەدی هەم فێمێنیستە و هەم بە جیددیش لایەنگری کوردایەتییە. لە بزووتنەوەی سمایل‌ئاغای شکاک (سمکۆ) بەدواوە هەموو جووڵانەوەکانی مافخوازیی کوردی هەوڵی یەکسانیخوازیی جێندێریان تێدا هەبووە و گاریگەرییان لە سەر ئاگاییبەخشین بە ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر مافەکانیان هەبووە.

# جیهانی نوێی و ئینترنێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

## (گۆشەنیگای ڕەشبینانە)





فوئاد خاکی بەیگی

بەپێی ڕەشبینی چالاکی دیجیتاڵی ئەگەر کەسێک بتوانێت بیر لە کەڵکی زۆرباش و بەهێز لە ڕاگەیەنراوە دیجیتاڵییەکان بکاتەوە مەعلووم نییە کە بەسیجی دیجیتاڵ، پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژی بە شێوەی ئۆتۆماتیک ئاکامی دێموکراتیک وەدەست بێنن، چونکە ئینتێرنێت لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ جێگای هەیە و لەوانەیە بێ کاریگەری کات یان کاریگەرییەکەی ڕوون نەکرابێتەوە. ئەو بۆچوونانەی لە ڕێزی ڕەشبینی دیجیتاڵ ڕیزبەندی کراون ئاماژە بە شتگەلی وەک بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی) و چاوەدێری دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارانی بەهێز دەکەن.

**ئەلف- بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی)**

کردەوەگەلی ئانلاین وەکوو (اسلکتیویستم) کەوتوونەتە بەر ڕەخنە بەو مانایە کە کردەوەگەلی ئانلاین کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت چالاکی مەدەنی داهاتووش دەخەنە مەترسییەوە. (اسلکتیویستم) کە بە "خەبات لەژێر لێفە"ش ناسراوە بەو چالاکییە مەجازییانە دەوترێ کە بەکارهێنەر هەستی ئاسوودەیی درۆیین لە بەڕێوەبردنی کردەوەی باش و بەهێز سازدەکا.فرێد کلارک و دوایت ئۆزارد یەکەم کەسانێک بوون کە ساڵی ١٩٩٥ دو چەمکی (slack-er) بە واتای کەسی تەمبەڵ و سست و بێ حەوسەڵە و ( Activism) بە واتای چالاکیان پێکەوە تێکەڵ کرد و (اسلکتیویستم) یا بۆ ئەو لاوانە بەکار برد کە دەیانهەویست بە کاری بچووکی وەک چاندنی نەمانێک یارمەتی تێکدانی ژینگە بکەن(شەرق، ١٣٩٧). خەستوو و هاوکاران (١٣٩٦) لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران ئاماژەیان بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە کزبوونی هێز و تینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کرد. بەپێی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەنێوان چوونە سەری چالاکی لە دنیای مەجازی و هاتنەخوار و کەمبوونی بەشداریی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام پێوەندی هەیە. "دوای ٢٦ی مانگی پووشپەڕ چالاکی مەجازی بزووتنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەکا. لەو ماوەیەدا بچووکترین هەواڵ و ڕووداو شەپۆلێک لە سازبوونی بابەتی نووسراو و فرە توخمی مێدیایی بەدوای خۆیدا دێنێ و بە لایک، کۆمێنت و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە بەر دید و بۆچوونی خەڵک. تێبینی گرینگ لەو دەورانەدا گۆڕانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەندامان بەنسبەت ڕێکخراو و بزووتنەوەیە" (خەستوو و هاوکاران؛ ١٠٢:١٣٩٦). خۆپێشاندەر و ناڕازییان لەجیاتی کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتی ئینتێرنیت بۆ کۆنتڕۆڵ، چاوەدێری و ڕاگەیاندن تێکۆشان لە ڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان هەڵبژارد کە ئەوە هەمان تێکۆشان لەژێر لێفە یان تێکۆشان لەڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە بوو. بەو شێوەیە کاتێک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لە جیهان شکڵی نەگرتبێ یان ئەو ڕەوتە بەرنامەیەکی ڕێک و پێک و ڕوونی نەبێ تێکۆشانی مەجازی لەژێر هەر ناوێک بێ شتێک جگە لە پێ ڕابواردنی بە هەوڵ و تێکۆشان و لێدان لە پێگەی تێکۆشەران دژی بارودۆخی مەوجود نیە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ کە چوونەسەری ئاستی کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە بەردەستەکان کە بە پێویستی دەزانێ ناگات بە چوونەسەری ئاستی چالاکییەکان؛ واتە هەڵکشانی کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە مەجازییەکان لە کۆمەڵگە زیاتر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شارۆمەندان لە دیاریکردنی بەستێنی تێکۆشان تووشی هەڵە بن و لەجیاتی هاتنە سەرشەقام و گووشار هێنان بۆ حکومەت ئینتێرنێت وەکوو بەستێنی چالاکی هەڵبژێرن لە لێکدانەوەی کۆتایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەران تووشی سەرلێشێواوی دەکەن. ئەو سەرلێشێواوییە کاتێک بەرەوڕووی پرسێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە یان بڕیارە کە چالاکییەک لەگەڵی لە پێوەندی دابێ هەر لە سەرەتاوە ڕاستەقینە بوونی خۆی لەدەست دەدات و بە وتەی بەکارهێنەران دانکیشووتگەلی پەسامۆدێرن کە ئەوجار سواری ئایپەد و گوشی و لابتۆبەکانیانن و پۆشتە و پەرداخ بە کەرەسەی پێوەندی جۆراوجۆر بە فیزێکی چەندقات ناڕاست و ناواقعی و بێسوود دەچنە شەڕی ئاشەکانی هاوچەرخ یان هەمان ڕووداوەکان(سەرچاوەی پێشوو).

**ب- چاوەدێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتەکان**

هەرچەند کە ئینتێرنێت فەزایەکی بێسنوورە بەڵام ژێربەناکانی لە سنووری سەرزەوی وڵاتاندایە و بۆیە دەوڵەتان دەتوانن بە پچڕانی ئینتێرنێت ببنە هۆکارێک بۆوەی چالاکییە ناڕەزایەتییەکان نەتوانن بگەن بە ئامانجی لەبەرچاوگیراویان. لەو بوارەدا خەستوو و هاوکاران(١٣٩٦) ئاماژەیان بە پچڕانی ئینتێرنێت و ناردنی پەیامەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران کردوە و بە یەک لە هۆکارەکانی سەرەکی تێداچوونی ئەو بزووتنەوەیە و گۆڕانی بە چالاکی (اسلیکتیویستی) دەزانن. "ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونێک کە لە ڕاپەڕینەکانی پێشتر وەک ئۆکراین و کەڵک وەرگرتنیان لە موبایل و ناردنی پەیامەک بۆ بانگهێشتی خەڵک بۆ درێژەی ناڕەزایەتی هەیبوو، دەستی کرد بە پچڕینی سیستمی پەیامەک و هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن". ئەو کارە بەتایبەت لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەی سەوز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە کۆنتڕۆڵی چالاکییە ناڕەزایەتییەکاندا هەبوو. هەر لە سەرەتای ڕۆژانی خۆپێشاندانەکان دەوڵەتی ئێران دەستیکرد بە پچڕینی وێب سایتەکان و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەر بوون لە ڕەوتی فەراخان بۆ خۆپێشاندان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکان بە ناڕازییەکان. هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت، ڕاگەیاندنی زیاتر لەڕێگای هەواڵنێرییەکان لە ڕاستای شەفافسازی ڕێژەی کوژراوان و دژکردەوە فەرمییەکان، بەردەوامی پچڕینی سیستمی ناردنی پەیامەک، حزووری هێزی پۆلیس لە شەقامەکان و هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی جەوی ڕەوانی لە کردەوەگەلی دەوڵەت لەو بوارەدا بوون. هەروەها لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش ڕێژیمەکانی ناوچە بە پچڕینی ئینتێرنێت و چاوەدێری پێوەندی تەلەفۆنی و پێشگرتن بە کاری ڕۆژنامەوانانی بیانی و نەدانی ویزا و دەست ڕانەگەیشتنیان بە وڵات، بوون بە هۆکاری سانسۆر و بەرتەسککردنەوەی ڕەوتی ڕاگەیاندن. حکوومەتی موبارەک لە میسر و سەرهەنگ قەزافی لە لیبی لەدوای پۆشتەکردنی لایەنگرانی دەوڵەت لە شوێن و کاتی دیاریکراو لەڕێگای داواکاری بە دابینکەرانی خەدەماتی ڕاگەیاندن و موبایل بە ناردنی پەیامەک بوون. تاکتیکێک کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ناڕازییان بەکار هێنرا.

سەرەڕای ئەوانە چاوەدێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتان لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ناڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێ لەو بارەوە دەوڵەتان بە پاڵپشتی نەکردن لە بەرنامەگەلی گەشەکردن لە بواری تێکنۆلۆژی زانیاری و پێوەندییەکان دەتوانن بەر بە شکڵ گرتنی ژێربەنای گونجاو بگرن کە دەکرێ بەستێنی گونجاو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخولقێنن. لەوبارەوە سەردارنیا (١٣٨٧) باس دەکا کە "هەرچەندە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات لە بوارەکانی جۆراوجۆر وەک ڕاهێنان و پێوەندییەکان و هەروەها ژێربەناگەلی پێوەندییە ئێلێکترۆنیکی- موخابەراتییەکان زیاتر بی ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و پێویستی دەست ڕاگەیشتن پێی زیاتر دەبێ. لەلایەکی تر هەرچەندی ئاستی پەرپێدانی سیاسی و دێموکراسی لە وڵات بچێتە سەرێ ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دەچێتە سەرێ و بەربەستەکانی سەر ڕێگا کەمتر دەبن".

**٣- ئاکام**

ئاکامی وتاری بەردەست نیشانی دەدا کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی شمشێری دو لێوار دەگێڕی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیاندنانە لەلایەک دەتوانن لە دامەزرانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەردەم ڕۆڵگێڕ بن و بەستێن بۆ بەسیج و ڕێکخستنی ناڕازییەکان پێک بێنن. لەو گۆشەنیگا گەشبینانەیە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە فایدە و سودی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی پێکراوە. ئینتێرنێت کەرەسەگەلێک دەخاتە بەردەست ناڕازییەکان کە لە ڕێگای وییەوە بتوانن شوناس سازی، پێکهێنانی تۆڕ و دواجار ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان بەڕێوە بەرن. جگە لەوانە ئینتێرنێت بەهۆکاری بێ سنوور بوون و بەجیهانی بوونی بەستێن بۆ جەماوەریترکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنێ. ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاسایی و بەسانایی دەتوانن لە ناوچەیەک و وڵاتێک بگەنە شوێنەکانی تری جیهان، چونکە چالاکان لەو بزووتنەوانەدا دەتوانن ئیدە، ئارمان و ئامانجەکانیان لە فەزایەکی جیهانی کە ئینتێرنێت پێکی هێناوە بێننە بەرباس.

لەلایەکی تر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی بزووتنەوە هاوچەرخەکان کە پشت بەستوو بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەیە کە بێ ڕێبەرن و ڕووحیەی کاری هاوبەشی چالاکانە کە دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی چالاکییەکان. ئەو گەشبینییە بە ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە ئەو کاریگەرییەی کە ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوەکان وەک زاپاتیستەکان لە مێکزیک، بزووتنەوەی دژ بە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٩ لە سیاتێل، بزووتنەوەی دژبە شەڕ لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریت لەسەر شانیان بووە. دەرەنجامی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان کە چەند دانە لەوان لەو وتارەدا شەن و کەو کران، نیشاندەری ڕۆڵی کاریگەری ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە نوێیەکانن.

سەرەڕای گۆشەنیگا و بۆچوونی گەشبینانە کە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەکان هەیە، بەشێک لە گۆشەنیگا ڕەشبینانەکانیش لەو بارەوە گەشەیان کردووە کە باوەڕمەندن دەبێ لە هەڵوێست گرتنەکانیان پێداچوونەوە بکرێ. بەپێی بۆچوونی ئەو بەشە لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگری جۆرێک لە چالاکی کە چالاکی لەژێر لێفە یان (ئیسلکتیویسم) دەناسرێ، بەستێن بۆ پاسیڤ بوونی چالاکان و نەبوونی حزوریان لە کردەوەگەلی واقعی پێک هێناوە. بەپێی ئەو بۆچوونە چالاکان بە کردەوەگەلی ناکاریگەری وەک لایک، کۆمێنت، دانی پوڵ بە بنکە خێرخوازی، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە و دووبارە بڵاوکردنەوە، یان هەر کرەوەیەکی تر لە دنیای مەجازی وا هەست دەکەن کارێکی گەورەیان بەڕێوەبردووە لەحاڵێکدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پێویستی بە چالاکی لە سەرشەقام و کردەوەی واقعییە. لەلایەکی تر دەوڵەتەکانیش بە بەربەست دانان و بەڕێوەبردنی کردەوەگەلی وەک فیلتێرینگ و سانسۆر دەبنە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نوێ. کردەوەگەلی لەو چەشنە لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و چالاکیگەلی تری بەکۆمەڵ لە سەرتاسەری جیهان بەرچاو دەکەوێ کە دەوڵەتەکان لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوە هەوڵیان داوە بە بەرتەسک کردنەوەی دەست ڕاگەیشتنی چالاکان بە تۆڕ کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵن بزووتنەوە پەرە بستێنێ. سەرەڕای ئەوانە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و نەرم ئەفزارگەلی کرداری تەلەفۆنی هەمڕا زیاتر لەوەی کە بۆ ئامانجی سیاسی دامەزرابن بە مەبەستی سەرگەرم بوون و کۆمەڵگەی مەسرەفی ڕادەکێشێ هەتا چالاکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەڕاستیدا ئەگەر ئەوڕۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چالاکیگەلی سیاسی کەڵک وەردەگیرێ زیاتر لەبەروەیە کە چالاکان ئەو جۆرە فەزایەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری هاوبەشیان بە باشتر دەبینن و بوویتنە هۆکار کە کرکردی سەرەکی زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیی بەو کەڵک وەرگرتنەی کە لێی دەکەن بگۆڕدرێ.

سەرەڕای خاڵگەلی باسکراو ئەو تێبینییە ئاماژەپێکردنی زەروورە کە ئینتێرنێت و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قۆناغێک لە ژیانیان ئەزموون کردووە کە لەگەڵ ڕابردوو زۆر جیاوازە. پێشتر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەستوو بوون بە ڕاگەیەنراوی جێگرەوە وەک کاسێت، شەونامە، تێلگراف و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیەنراوانە کە دەستپێڕاگەیشتن پێیان بەرتەسک بووە بوونە هۆکاری وەی کە ڕەوتی شکڵ گرتن و بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەیەک دوور و درێژ بێتەوە، لەلایەکی تر تەنیا بەشێکی کەمی خەڵک ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بەو ڕاگەیەنراوانەیان هەبووە کە ئەو بابەتە ڕۆڵی ڕێبەری و نوخبەکانی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو بردبۆ سەر بەڵام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لەو ڕاگەیەنراوانە بۆ تەواوی کۆمەڵگە، لە ڕۆڵی ڕێبەری لەو بارەوە کەم بوویتەوە. سەرەڕای ئەوانە لە ڕاگەیەنراوە نوێیەکان خێرایی بڵاو بوونەوەی زانیارییەکان لەسەرێیە و بزووتنەوەکان لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانن بەجیهانی بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوە کلاسیکەکان بە هۆکاری وەی کە پشت بەستوو بوون بە کەرەسەگەلی ڕاگەیاندنی بەرتەسک و خاوتر لەبواری دانی زانیاری و ڕاگەیاندن، ئەو سورعەتە زۆرەی بڵاوبوونەوەی زانیاری و بەجیهانی بوونیان نەبووە. تەنانەت دەکرێ بوترێ کە بزووتنەوەکانی ڕابردوو ئیمکانی بەجیهانی بوونیان نەبووە و زیاتر لە ئاستی ناوچەیی چالاکییان هەبووە. بەجیهانی بوون بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پرسێکە کە تایبەت بە سەردەمی ئێمەیە کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بەستێنەیان پێک هێناوە تا چالاکان لە هەر شوێنێکی جیهان بتوانن بە نسبەت کێشە و پرسەکانی شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دژکردەوەیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانە ڕاگەیاندنی نوێ هێزی پێکهێنانی بەستێنی گشتی جێگرەوەی ئانلاینیان هەیە کە تێیدا پرسەکان شەن و کەو دەکەن، ئەو پرسە بوویتە هۆکاری وەی کە کاریگەری و ڕۆڵی ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە ڕۆڵی تەنیا کەرەسەیی بێ.

خاڵێکی تر کە ئاماژەپێکردنی زەرووری بە ئەگەری زۆر کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبی چوونە سەری کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێتی ماهوارەییە. ئەو جۆرە لە ئینتێرنێت کە ئیمکانی بەرتەسک کردن و فیلتێرینگی لەلایەن دەوڵەتەکانی نیە یان کەمترە، دەتوانێ بەستێن بۆ سازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بخولقێنێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ڕەوتێکی جیاواز تەجروبە دەکەن چوونکە هۆکاری سەرەکی لە پێداچوونەوە و چاوەدێری کەرەسەکانیان ئێتر دەوڵەتان نین بەڵکوو بازار و خاوەن کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکانن کە دیاری دەکەن ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکام بزووتنەوە و بە چ شێوەیەک بەکار بهێنرێ. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە دا پشتیوانی بکا و تەنانەت ژێرساختێک بۆ زووتر سەرهەڵدانی بزووتنە لەو ناوچانە دروست بکا، بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو بە شێوازێک بن کە دژی سەرمایەداری و بەتایبەت چاوەدێری کۆمپانیا و بازار بن ئەوسا شێوەی هەڵسووکەوتێک لە بەرانبەریان دەگیرێ جیاواز دەبی. چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوو ئەکتەرانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ و بۆ لای کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شارۆمەندانی جیهانی بگەن. لەگەڵ ئەوەی شارۆمەندانیش بە پێکهێنانی گرووپی هەکێری و چالاکی خراپکارانە لە بەستێنی ئینتێرنێت هەوڵ دەدەن کە چاوەدێری و کۆنتڕۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەور لێدەن و بەستێن بۆ پێکهێنانی جۆری نوێتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن.

***

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### نیشتمان پیرۆزە ناوی لەو هەوای حەیرانەدا

### (شەهید سەید قادر عەلەوی)



برایم چووکەڵی

مێژووی خەباتی کورد قەرزباری ئەو ڕۆڵە بەئەمەگانەی گەلی کوردە کە بۆ پساندنی زنجیری کۆیلەتی و یەخسیری و بۆ ڕادانی سێبەری شوم و نەگبەتی و چارەڕەشی و، بۆ خەبات دژی زۆرداران و چەوسێنەران، ئازایانە و شۆڕشگێرانە چەکی شەرەفیان کردۆتە شان، سینگی پڕ لە تاسەی خۆشەویستی نیشتمانیان کردۆتە قەڵغانی گوللەی دوژمنان و نەیارانی گەل و بە سەخاوەتەوە گیانی پاکیان پێشکەش بەدایکی نیشتمان کردوە. لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا یادی یەکێک لەم ڕۆڵە زەحمەتکێشانە، شەهید سەید قادر عەلەوی لە ناوچەی شنۆ دەکەینەوە.

سەید قادر ساڵی ١٣١٩ لە گوندی "باب‌خالاوێ"ی ناوچەی نەڵۆسی شنۆ لەدایک بوو. ئەم کۆرپەیە لە باوەشی گەرمی دایک و باوکێکی نەداردا پەروەردە کرا. ئەو کە نەیتوانیبوو بچێتە قوتابخانە، لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ئەو مەڵبەندەدا بە ئارەقە ڕشتن بۆ بژێوێکی هەژارانە تێکۆشا و شانی بەر بەرپرسایەتی دا. شوانی، دەسکەنە، ئاوداشتن، کرێکاری، پیمەڕەکاری و زۆرکاری ئەوتۆی لادێ، لە جێی پێتەکانی ئەلف‌وبێ بوون کە سەید قادر هەر ڕۆژێ لەگەڵ یەکیان ئاشنا دەبوو. ئاوایی سەیدقادر و ئاواییەکانی دەورووبەریش لە قۆتابخانە بێبەری بوون، بۆیە خوێندن لە شار بۆ زەحمەتکێشانی لادێ بەگشتی و بۆ بنەماڵەی سەید قادر عەلەوی بەتایبەتی بەدەگمەن دەڕەخسا.

ساڵ هاتن و چوون و سەید قادر بوو بە لاوێکی بەشان‌وباهۆ، ئێش و ئازاری ژیان چڕوقایمی بار هێنابوو، و ئیرادەیەکی پتەوی تێدا خولْقاندبوو. قوتابخانەی ژیانیش چەوسێنەرانیان بە سەید قادر ناساندبوو، ئەوانەی خەڵکیان بۆ بێگاری دەنگ دەدا، ئەوانەی دەستیان بەسەر بەرهەمی جووتیارانی ئاوایی دادەگرت و ڕەنجی ئارەق و ژینی ئەوانیان بە تاڵان دەبرد، ئەوانەی ژاندەرمەی حکومەت بوون و لەگەڵ ئاغا دەبوونە هاودەست و هاوکار، سەیدقادر لە ڕیزی خەڵک جیای دەکردنەوە و بە چاوێکی دیکە سەیری دەکردن، و بەکردەوەش لەبەرامبەر ئەوانەدا سەربزێوی دەکرد.

ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ سەیدقادر دەستنیشان کرد، بۆی دەرکەوت حیزبێک هەیە ڕێنیشاندەری هەژارانی کوردەوارییە و بۆ ڕزگارییان خەبات دەکا. بۆیە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و بەڵێنی دا هەتا سەر ڕێبواری قازی بێت و گیانی بکاتە خەڵاتی بەرەوپێش بردنی ئامانجی ئەو حیزبە. بەمجۆرە و لەو کاتەوە سەید قادر وەک ئەندامی حیزب دەستی بە تێکۆشانی نهێنی کرد.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هەر لە یەکەم ڕۆژانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە زستانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، سەید قادر بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی، بەڵێنیی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی نوێ کردەوە. بە لێوەشاوەیی نواندن، ڕەچاوکردنی دیسیپلین، هەڵسووڕان و فیداکاری لە شەری سێ مانگەدا، سەرنجی بەرپرسان و هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ڕابردووی خەباتگێڕانە، تێگەیشتوویی لە مەسایلی سیاسی و هەوڵدان بۆ فێربوون و ڕێک‌وپێکی و جێ‌کردنەوە لە دڵی هاوسەنگەراندا، ورەبەرزی، ئیمانی پتەو بە حیزب و شارەزایی لە گەڵاڵەدارشتن و زەبر وەشاندن لە دوژمن، چەند تایبەتمەندیی هەرە دیار بوون کە لە سەید قادر عەلەویدا بەدی دەکران. بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ بە فەرماندەری پێشمەرگەکانی لکی شەهید فەتتاح لە هێزی سمکۆ دیاری کرا و تا کاتی شەهید بوون ئەو بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد.

شەهید سەید قادر لەو ماوەیەدا نیشانی دا فەرماندەرێکی بەوەجە و لە جێبەجێ‌کردنی ئەرکەکاندا ماندوویەتی ناناسێ. چالاکانە مەئمووریيەتی حیزبی بەڕێوە دەبرد و بە لێوەشاوەیی ڕێنوێنی و فەرماندەریی پێشمەرگەکانی دەکرد. لە ناوچەکانی سەردەشت و شومالی کوردستان بە باشی ئەرک و مەئمووریيەتەکانی حیزبی ڕادەپەڕاند. ئەو چ بە مەئمووریيەت بۆ ناوچەکانی سەردەشت و شومالی کوردستان و، چ لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆ ئەوپەڕی بوێری، فیداکاری و کارامەیی خۆی نواند. شەڕە حەماسییەکانی دێ‌شەمس، سەرگیز و گەلی قاسملوو، بیرهێنەرەوەی ئەو قارەمانییەن کە سەید قادر لە ڕیزی پێشەوەی هاوسەنگەرانیدا خولْقاندبوویان.

هاوینی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی پان‌وبەرینی بۆ سەر ناوچەکانی شومالی کوردستان و شنۆ هینابوو. لە ڕۆژی ١٥ی خەرمانانی ١٣٦٠ شەڕێکی توند و نابەرابەر لە نێوان پێشمەرگەکان و هێزی داگیرکەر، لە نێوان شاوانە و گرکاشانی شنۆ دەستی پێ کرد. دوژمن بە هەزاران بەکرێگیراوی خۆی هێنابووە مەیدانی شەڕ و بە تۆپ و خۆمپارە و چەکی قورس و نیوەقورس سەنگەری پێشمەرگەکانی دەکوتا. هاوکات چەندین هێلیکۆپتێر لە ئاسمانی مەیدانی شەڕ سەنگەری ڕۆڵەکانی دیموکراتیان ئاورباران دەکرد. مەیدانی شەڕ ببووە پارچەیەک ئاگر. لەنێو گڕ و سوتمان و دووکەڵ و بۆنی باڕووتدا، لە قەدپاڵی چیاکانی گرکاشان و شاوانە، ڕۆڵەکانی دیموکرات لە شنۆی دڵسۆز جارێکی دیکەش دەرسێکی لەبیر نەچوویان دایە داگیرکەرانی کوردستان. بەکرێگیراوانی ڕێژیم بۆ پێشرەوی لە هەر بستێکی ئەو خاکە دەبوو بە دەیان کەس بەکوشت بدەن. هەربۆیەش لەو شەڕەدا سەدان کوژرا و برینداریان دا.

شەهید سەید قادری عەلەوی پێشەنگی هەڵمەتبەرانی ئەو شەڕە بەناوبانگەیە. ئەو لەم بەرەنگارییە ئازایانەیەدا، پەیمانی یا مردن یا سەرکەوتنی بردە سەر و بە خوێنی ئاڵی خۆی بەڵگەی لەشکان‌نەهاتوویی نەتەوەکەی ئیمزا کرد. بەمجۆرە بە شەهیدبوونی سەید قادر، ڕۆڵەیەکی دیکەی قارەمانی مەڵبەندی شنۆی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی فیداکار و لە خۆبوردوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو و بەتوانا بە سەربەرزی و گیانبازییەوە چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان. یادی هەرمان.

# مێژووی پڕ لە شانازی و باری قورسی ئەرکمان لە بەرانبەر داهاتوودا






ئەلبورز ڕووین‌تەن

لە مانگی گەلاوێژدا یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن حیزب و نەتەوەی کوردەوە دەکرێتەو. بەرزڕاگرتنی ئەو یادە لە شوێنی جیاوازی دونیا لەلایەن دڵسوزان و لایەنگرانی حیزبەوە، بەڵگەی گەورەیی ڕێکخراوێکی کاریگەرە کە تا بە ئەمرۆ کە هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانی تێپەر بووە، بەڵام دیسان لە سۆنگەی جیاوازەوە جێگای هیوا و دڵگەرمی دۆست و جێگای نیگەرانیی نەیارانیشە.

لە ڕەوتی ئەو هەشت دەیەدا حیزب بەرەوڕووی زۆر کەند و کوسپی جیاواز بۆتەوە، زۆر ڕۆژی ئەستەمی تێپەڕ کردوە، بەرهەمی بەنرخی نەتەوەییشی هەبوون، چوارچێوەی خەباتی زۆر فیداکاری گەلەکەمان بووە کە بە قوربانیدانیان بۆ درێژەدان بە خەبات و گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب کە ئامانجەکانی گەلە بوونەتە هۆکاری بەردەوامی و بە شەکاوەی هشتنەوەی ئاڵای خەبات تێکۆشان. تەنانەت بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین یەکێک لەو هۆکارانەی کە کوردستان ئەمرۆ لە زۆر ئاستەوە جیاواز بە شێوەیەکی ئەرێنی دەردەکەوێ لەژێر کاریگەری خەباتی ئەو حیزبە بووە.

بێگومان لە ڕەوتێکی نزیکەی یەک سەدە لە خەبات تێکۆشان حیزبێکی وا کاریگەر بێ هەڵە وکەم وکوڕییش نابێ، بەڵام ئەوەی وەک تاکێکی کورد ئێستاش دەتوانین بە شانازییەوە باس لە ئەندام بوون لەو حیزبە بکەین بۆ سیاسەتە دروستەکانی، قارەمانی بێوینە و فیداکاریی لە ڕادەبەدەر و نەتەوەییبوون و بە گەوهەری کوردایەتی بوونی ئەو حیزبە بووە کە لە زۆر بابەتەوە بێ‌ئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بێ دەتوانین بە دەگمەنیشی بزانین.

هەمووی ئەو هەشت دەیە کە چرکە بە چرکەی شوێن‌پەنجەی فیداکاریی ڕۆڵەکانی گەلە لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەبێت و دەتوانین بە شانازییەکی گەورەش ناوی ببەین. شانازییە چونکە بەردەوام لەپێناو دەستەبەری سەروەری و بەدژی ژێردەستەیی وەک چقلێک بووە لە چاوی دوژمناندا، شانازییەکی گەورەیە چونکە ئەگەر سەرکەوتنی کۆتایی واتە ڕزگاریی کورد و کوردستان هەتا ئێستا بەدی نەهاتووە، بەڵام نەیهێشتووە داگیرکەرانیش ئاسوودەیی بە خۆیان ببینن و پیلانەکانیان بۆ نەهێشتنی کورد بەئاسانی جێبەجێ بکەن و تەنانەت هۆی مانەوەی شوناسخوازی کورد وەک کورد لە ئەمرۆ ئەو خەباتە بووە.

ئەو شانازییە زۆر گەورەیە، هەر بۆیە تێکۆشەران لە قوناغی جیاوازدا، تەنانەت ئەوکاتەی حیزب لە ڕادەبەدەر لاواز و پڕ لە گرفتیش بووە، هەر دیسان ئەو سەنگەرەیان وەک سەکوی بەردەوامی بوژانەوە و خەبات و تێکۆشان هەڵبژاردوە، هەر واش بەردەوام دەبێ، ئەوەی زۆر جار دەگوترێ چ شانازییەک گەورەتر لەوەی لە حیزبی نەمران پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکەداین تەنیا دروشم نییە بەڵکوو هەڵگری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو چوارچێوەیە کە ئامرازی گەیشتن بە ئازادی گەلی خۆمان دەبینن وەک نرخێک سەیر دەکرێت.

لە سەر مێژووی شانازی و هۆکارەکانی هەرچی بگوترێ هەر کەمە، بەڵام بوون لەو چوارچێوەیە ئەوە لە ئێمە دەخوازێ بەو شانازییەوە لە داهاتووی خەبات لەو سەنگەرەدا بڕوانین. چونکە هەموومان لە بەرانبەر ڕابردووی پڕ لە شانازی، دۆخی پڕ ئەستەمی ئێستا و داهاتووی نەوەکانی ئەو نەتەوەیە ئەرکدارین. ئەو ئەرکەش ئەگەر بە ئازادیی گەلەکەمان و ڕزگاریی نیشتمانی ناوزەد بکەین ئەرکێکی قورسە و پێویستە بە هەموو شێوەیەک کاری بۆ بکەین. چونکە هەر چرکەیەک لە ژێردەستەیی کارەساتێکی دیکەی بە دوایەیە و ئەو کارەساتە تەنیا ڕووبەڕووی مرۆڤ و نەتەوە و ماف و ئازادییەکانی نییە، بەڵکوو تەنانەت سروشت و ئاژەڵەکانی کوردستانیشی گرتۆتەوە، و بەردەوامیی ژێردەستەیی وەک بەرەوامیی کارەساتە.

بۆیە ئێمە کە ڕەگمان لە شانازی مێژووی ڕابردوودایە بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەرکی ئێستامان بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی جیاواز و ئازاد و سەرەوەری وردبینەوەو پێویستە لە چونیەتی سەرکەوتن لە جێبەجێ کردنی ئەرکمان تێبفکرین و ڕێکاری سەردەمیانەو شێوازی نوێ کە ئاوێتەی باوەڕی کوردایەتی ڕابردووی پڕ لە شانازیمان هەیە بگرینە بەر.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گوێ لە مامۆستای ڕێنیشاندەر واتە مێژوو بگرین و پێداچوونەوە بەو ڕێکارانە بکەین بۆوەی بتوانین ڕێگای سەرکەوتن مسۆگەر بکەین. مێژوو پیمان دەڵێ حیزب دەبێ پەرە بۆ ڕەگداکوتانی گوتاری نەتەوەخوازی بدات، چونکە ئەم حیزبە دامەزراوەی چارەسەری سەرەکیترین پرسی گەلەکەیەتی کە پرسی نەتەوە و ئازادی و ماف و ڕزگاریی نیشتمانە. بۆ سەرکەوتنی ئەو داوایە، و ئەو فەلسەفەی خەبات یا وێژمانی سیاسیە، پێوستە وانەکانی سەرۆک‌کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیکەی شەهیدمان بکەینە سەرمەشقی خەبات کە بە بەردەوامی پێیان لەسەر پێویستیی بە جەماوەریکردنی خەبات کردۆتەوە. بێگومان ئەگەر خەبات ببێتە خەباتی هەمووان، داگیرکەرانیش ناتوانن بۆ ساتێکیش لە حوکمڕانیی دیکتاتورانە، توتالیتەرانە و داگیرکەرانەی خۆیان لە کوردستان بەردەوام بن.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە شەهیدبوونی مامۆستا حەمدی حوسەینی



**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکان!**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ڕادەگەێنین، هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویست و تێکۆشەرمان کاک حەمدی حوسەینی، ناسراو بە مامۆستا حەمدی، کادری دێرین و بەوەجی حیزبەکەمان پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی، ئەمرۆ ١٨ی گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی چووە ریزی کاروانی شەهیدانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

کاک حەمدی حوسەینی کوری محەممەدعەلی، خەڵکی گوندی گوازی سەر بە شاری سنە، ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گوندی گواز لەدایک بوو. پاش شۆرشی گەلانی ئێران بە هۆی تێگەیشتوویی ئاستی بەرزی سیاسیی و دەرکی بە چەوسانەوەی گەلەکەی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بووە ئەندامی حیزب و ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بەفەرمی هاتە نێو ریزی ئاشکرای حیزبەکەمان و پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، و لە هێزی بەهێزی بێستوون سازمان درا.

مامۆستا حەمدی بەهۆی لێهاتوویی و هۆگریی بە کاری حیزبی یەک لە دوای یەک پلە و بەرپرسایەتییەکانی حیزبی دەبری. بەرێزیان ئەندامی کومیتە شارستانی کرماشان بوو و لە هێزی بێستون بەرپرسایەتیی پێشمەرگانەی وەرگرت و بە تێکەڵبوونی کومیتە شارستانەکان و پێکهاتنی مەڵبەندی یەکی کوردستان، ئەرکی بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستانی کرماشانی پێ سپێردرا. کاک حەمدی وەک کادرێکی سیاسیی و تەشکیلاتی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خەلک هەبوو و ساڵانێکی دوور و درێژ وەک مامۆستای فێرگە بە دڵسۆزییەوە کاری کرد، پاشان وەک بەرپرسی گشتیی فێرگەی سیاسیی - نیزامی حیزبی دیموکرات دیاری کرا.

کاک حەمدی حوسەینی بە ئەخلاقی بەرزی شۆڕشگێرانە، خاکەڕا و دڵسۆزی و چەندین تایبەتمەندیی بەرزی ئینسانی و پێشمەرگانە ناسرابوو و، خۆشەویستی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بوو. لە ماوەی پتر لە ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێوچانیدا لە هیچ چەشنە فیداکاری و لەخۆبوردووییەک درێغی نەکرد و لە فێرگەی حیزبی دیموکراتدا بە ورەی بەرز و پۆلایینی پێشمەرگانەوە لە هاندان و پێگەیاندنی هاوڕێیان و هاوسەنگەران و لاوانی کوردستان بۆ درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی شەهیدان بەردەوام بوو. ئەو ئامادەی ڕاپەڕاندنی هەرچەشنە ئەرکێکی حیزبی بوو کە لەلایەن ئۆرگانی سەرووتری حیزبەوە پێی دەسپێردرا و لە بواری پێگەیاندنی خوازیارانی پێشمەرگایەتی لە فێرگە و دواتر لە دەورەکانی سیاسیی و پەروەردەیی و لە بواری نیزامی و حوزوری پێشمەرگانە لە نێوخۆی وڵات لە سەردەمی ڕاسانی خۆرهەڵاتدا لە سەنگەری قایم و بەهێزی حیزبەکەماندا ئەرکەکانی بە دلسۆزییەوە بەرێوە دەبرد.

دوایین پلەی مامۆستا حەمدی تێکۆشەر کادری پلە دوو و جێگری بەشی پێشمەرگەی حیزبە خۆشەویستەکەمان بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە لەدەستدانی کادرێکی بەوەج و دلسۆزی خۆی سەرەخۆشی لە هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بە تایبەت بنەماڵەی بەرێزی دەکا، کە لەخۆبوردووانە و شۆڕشگێرانە لە ماوەی چل ساڵ تێکۆشانی مامۆستا حەمدیدا پشتیوان و هاندەری بوون و هیوای سەبووری بۆ کەسوکار و هاورێیانی دەخوازێت.

ڕێگا و سەنگەری خەباتی پڕ ڕێبوار و هەمیشە ئاوەدان

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**ای گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی**




# "نه شەڕ، نه ئاشتی"، تاکتیکی دیکتاتۆر بۆ مانەوە


ڕەزا دانشجوو

لە مانگی گوڵانی ساڵی ٩٨دا، لە نێوەڕاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ترامپ و کۆماری ئیسلامیدا، عەلی خامنەیی دیکتاتۆری ڕێژیم، لە وتارێکدا وەک وەڵامدانەوەیەک بە پەرەسەندنی هەڕەشەکان، پەردەی لەسەر ستراتیژی نوێی کۆماری ئیسلامی لادا. خامنەیی لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە شەڕ ڕوو نادات، چونکە ئێمە بە دوای شەڕدا ناگەڕێین و ئەوانیش نایانەوێت، ڕایگەیاند کە ئێمە دانوستان ناکەین، چونکە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا لە بنەڕەتدا هەڵەیە! خامنەیی گوتی هەر وەک خومەینی دانوستانی لەگەڵ ئەمریکا قەدەغە کردوە، منیش قەدەغەی دەکەم. ئەم لێدوانە یەکەم ئاماژەی خامنەیی بە تاکتیکی نوێی ڕژیم بوو "نە شەڕ و نە ئاشتی". بەڵام بەڕاستی چی ڕووی دا کە دروشمی "شەڕ، شەڕ تا لەنێوبردنی هەموو فیتنەکان لە جیهاندا"ی خومەینی بۆ ستراتیژی "نە شەڕ، نە ئاشتی" خامنەیی گۆڕدرا؟

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە پێویستە سەرەتا ئاماژە بە شیکاری دەروونی دیکتاتۆرەکان بکەین و باس لە سەرەکیترین تایبەتمەندی دەروونناسی دیکتاتۆرەکان، دووانەی "دەسەڵات، ترس و دڵەڕاوکێ". لە ڕاستیدا دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەکی سەیر لە دوای نیشاندانی دەسەڵاتی ساختە و ناڕاستەقینەی خۆیان و دەستکەوتەکانیان دەگەڕێن، بە بۆچوونی ئەوان ئەم نمایشە ساختەی دەسەڵات دەتوانێت زیاتر و زیاتر سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و وابەستەی دیکتاتۆریان بکات. هاوکات لەگەڵ ئەم نمایشە گاڵتەجاڕییە، دیکتاتۆرەکان بەردەوام ئاستێکی بەرزی "Paranoid"، ترس و دڵەڕاوکێی باوەڕپێنەکراو ئەزموون دەکەن. ئەم ترسە لە هەموو لایەنەکانی ڕەفتار و بڕیاری دیکتاتۆرەکاندا دەبینرێت. ئاستی پارانۆیای سەدام حوسێن وا بوو کە ڕۆژانە چەند ژەمێکی خواردنی لە هەموو عێراق بۆ ئامادەکرا بۆ ئەوەی دڵنیابێت کەس نەزانێت لەکوێ نان دەخوات! تەنانەتساڵیان کەسێک وەک بەدەڵی سەدام بەشداری لە تاقمێک کۆڕ و کۆبوونەوە دەکرد کە مەترسی بۆ گیانی سەدام هەبوو!

کیم جۆنگ ئیل، سەرۆکی پێشووی کۆرەی باکوور و باوکی کیم جۆنگ ئون، سەرۆکی ئێستای ئەم وڵاتە لە ترسی سەفەرکردن بە فڕۆکە بە شەمەندەفەرێکی تایبەت دەچوو بۆ سەردانی وڵاتان!

دیکتاتۆری برمە "تان شۆ" ئەوەندە لە سروشتی لاوازی دەسەڵاتەکەی نیگەران بوو کە جارێکیان پایەتەختی برمەی بۆ شوێنێکی دوور لە جەنگەڵێکی بەبێ ئاو و کارەبا گواستەوە. هۆکاری ئەم بڕیارەی دیکتاتۆر ئامۆژگاری ئەستێرەناسێکی هاورێی بوو!

دووانەی نمایشی ساختەی دەسەڵات و خۆنواندن لە تەنیشت ترس و دڵەڕاوکێی لە لەدەستدانی تاج و تەخت! ئەگەر سەردەمانێک "شەڕ، شەڕ، تا لەنێوبردنی هەموو فیتنەکان لە جیهاندا " بۆ ڕێژیم سەرنجڕاکێش بوو، ئێستا دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیهـ مانەوەی خۆی لە "نە شەڕ، نە ئاشتی"دا دەبینێت. بۆ وەڵامدانەوەی هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە جیا لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆر، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، پێویستە باس لە هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیش بکرێت.

شۆڕشی تازە سەرکەوتوو و دەستبەسەرداگیراو لەلایەن خومەینییەوە لە دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ٥٩، بە دڵنیاییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عێراقی سەدام حوسێن پێویستی بە دروشمی پێکهاتەشکێن و دەم پڕکەرەوە بوو، خەڵکی سەرخۆش لە ڕووخان و نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی و هیوادار بە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێک کە قەرار بوو هەم دونیایان بداتێ هەم قیامەتیان ئاوەدان بکات، دەیانویست شۆڕشی ستەملێکراوان بۆ هەموو شوێنێک هەناردە بکەن! بێگومان بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگە تەواو جیاوازە لەوەی لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق بوو، ئێستا تاکەشتێک کە کڕیاری نییە ئەم دروشمە خەیاڵییانەن!

نەوەی نوێ بە کەڵکوەرگرتن لە میدیا و ئەزموونە تاڵەکانی باوک و دایکیان زیاتر لە هەمیشە ئاگاداری ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامین. لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەبێ بگوترێ کە ساڵانێکی زۆرە ڕووبەڕووبوونەوەی دووانەی نێوان کۆمۆنیزم و سەرمایەداری کۆتایی هاتووە و ناسیۆنالیزم و پێداگری لە سەر باسە نەتەوەییەکان فۆرمێکی تەواو جیاواز لە کێبڕکێی جیهانی هێناوەتە ئاراوە، کە تێیدا هاوبیری سیاسی وەک سەردەمی شەڕی سارد هیچ ڕۆڵێکی نییە، بنەمای ئێستای یەکگرتوویی سیاسی نێوان وڵاتان بەرژەوەندیی هاوبەشە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکار کە زۆربەی ئەم هاوپەیمانیی سیاسییانە زۆر کورت و ناجێگیر بن.

دیکتاتۆری پیری ڕێژیم ئاگادار لەم گۆڕانکارییە نێوخۆیی و دەرەکییانە ئێستا لە هەموو کاتێک خۆپارێزتر لە هەوڵی پاراستنی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیەدایە. ئێستا و دوای ئەوەی دەرکەوت کە عەلی خامنەیی بۆچی ستراتیژیی "نە شەڕ و نە ئاشتی"ی گرتەبەر، پێویستە بزانرێت پەسەندکردنی ئەم ستراتیژە بۆ دیکتاتۆری پیر چی دەتوانێت بەدوای خۆیدا بهێنێت:

**کات کڕین:** ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە شانۆگەریی دوو ڕەوتی نێو حکومەت بە ناو ڕیفۆرمخوازیی و بناژۆخوازیی! و جەختکردنەوە لەسەر دووانەی هەڕەشە و دانوستان! هەوڵ دەدات کات بۆ خۆی پاشەکەوت بکات. تاکە ئامانجی ئەو هەموو دانوستانە درێژخایەن و بێئەنجامانە تێکۆشان بو کات کڕینەوە و مانەوەیە لە دەسەڵات. تاکتیکێک کە تا ئێستا لە لایەن ڕژێمەوە دەیان جار کەڵکی لێوەرگیراوە. هەڕەشەکردن بۆ پیتاندنی زیاتر و لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ دانوستان!

**سەرکوتکردنی دژبەرەکان لە نێوخۆ:** ڕێژیم بە دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی ئازاددا نییە، نە ئامادەی شەڕە، نە باوەڕی بە دانوستانی دروست هەیە. ئەم پڕۆسەیە دەستی ڕێژیم لە سەرکوتکردنی دژبەرەکانی لە نێوخۆ زۆر ئاوەڵا دەکات. مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتێکدا کە بەڕواڵەت لەسەر مێزی دانوستانە، لە هەمان کاتدا هەڕەشە دەکات، بەڵام لە هەڕەشەکانیدا سنوورێکی دیاریکراو تێناپەڕێنێت، زۆر ئەستەمە! لە ڕاستیدا لایەنی ڕۆژئاوا بە سەرسوڕمانی لە ئەم دوو ڕەفتارە، ئامادەیی دانوستان و نیگەرانی لە هەڵایسانی شەڕ، بێ ئەوەی خۆی بزانێت ناڕاستەوخۆ هەنگاو بە ئاراستەی یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامیدا دەنێت.

**هێزەکانی بەکرێگیراو:** خامنەیی لە وتارەکەیدا لە مانگی گوڵانی ساڵی ٩٨دا پاش ئاماژەدان بە سیاسەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" باسی لە "بەرخۆدان" کرد وەک هەڵبژاردەی تازەی ڕێژیم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئامریکا! مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە "بەرخۆدان" هێزەکانی بەکرێگیراو و بریکاری گوێڕایەڵ بە فەرمانی خامنەیین کە ڕۆڵێکی تایبەتیان هەیە لە نائەمنکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە ڕاستیدا بژاردەی کۆماری ئیسلامی بۆ ناچارکردنی لایەنی ڕۆژئاوا بۆ دانوستان، ئەم بریکارانەن. عێراق، سوریە،یەمەن، لوبنان و دواتر ڕەنگە ئەفریقا! ڕێژیم دەزانێ لە ئەگەری ڕوودانی هەر شەڕێکی ڕاستەوخۆدا، زۆر زیاتر لەوەی کە دڵخۆش بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێت دەبێ نیگەران و پەرۆشی ئەگەری سەرهەڵدان و شۆڕشی نێوخۆیی بێت!

دوو حەوتوو دوای تیرۆرکردنی ئیسماعیل هەنیە لە لایەن ئیسرائیلەوە، دەستەوەستان مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامدانەوەی ئەم هێرشە سەرەڕای پڕۆپاگەندەی بەردەوامی میدیا و بەرپرسانی ڕێژیم، دەرخەری قووڵایی نیگەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەگەری وەڵامدانەوەی ئیسرائیلە. لە ڕاستیدا ڕژیم بە هیچ شێوەک نایهەوێت لە ستراتژی "نە شەڕ نە ئاشتی" دوور بکەوێتەوە هەرچەند تێدەکۆشێت تا بۆ ڕازیکردنی کەمینەی لایەنگرانی دەوروبەری ڕێگایەکی کەم مەترسیدار بدۆزێتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە سیاسەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" هەتا چەند دەتوانێت کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستیدا تاج و تەختی ڕێبەرەکەی بپارێزێت، پێویستە بگوترێت؛ ڕژیم ڕووبەڕووی چەند تەحەدای جیاواز بووە کە تێپەڕاندنی نزیکە لە مەحاڵە.

**دارمانی ئابووری:** گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و گۆشەگیریی سیاسی، جەستەی نەخۆش و گەندەڵی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی لەنێو بردوە و دزی، بەرتیل و گەندەڵی سیستماتیک کوتا بزمارن لە تابوتی ئابووریی نەخۆشی کۆماری ئیسلامی کەخریکی گیاندانە. ئەم هەلومەرجە بۆتە هۆی ئەوپەڕی ناڕازیبوونی چینی هەژار و مامناوەندی کۆمەڵگە و هەر کاردانەوەیەک لەم گرووپانە چاوەڕوان دەکرێت. جگە لەوەش ئەمە بووتە هۆکاری لاوازبوونی پیشتیوانی ماڵی لە هێزەکانی بەکرێگیراو لە ناوچە.

**بزووتنەوەی ژینا:** ئەو بزووتنەوە گەورەیەی کە لە دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لە لایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە دەستی پێ کرد بووە هۆی هاودەنگییەکی گشتی لە نێو خەڵکی ئێران بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێژیمە. هەرچەندە بە ڕواڵەت کۆماری ئیسلامی توانی بە سەرکوتکردن و کوشتنی هەزاران کەس ئەم بزووتنەوەی گەورەیە پەردەپۆش بکات، بەڵام زیادبوونی بوێری کچان و کوڕانی زۆرتر گەنجی بزووتنەوەی ژینا وەها تان‌وپۆی کۆمەڵگەی تەنیوە کە ئێستا دژبەری دیکتاتۆری خۆسەپێن بە هەر شێوەیەک و هەر زمانێک بێت خاوەن بایەخ و وەک بەشێک لە پڕۆسەی بەرخۆدان لە دژی ڕژێم دادەنرێت.

لە لایەکی ترەوە نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی هێزەکانی بەکرێگیراوی ڕێژیم لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دیکتاتۆردا، بە هۆی سرووشتی ئەم گرووپانە و نەبوونی بیروباوەڕێکی زۆر ڕوون و کاریگەری وڵاتە زلهێزەکان لە سەر ئەم گرووپانە، ئەم هێزانە دەتوانن ببنە "پاشنەی ئاشیل" و تێوەگلاندنی ڕێژیم لە نێو شەڕێکی نەخوازراوەوە!

ڕەنگە دیکتاتۆری پیر و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی بتوانێت لەژێر سیاسەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" ڕۆژانێک زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیایەوە چارەنووسی وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان مردنێکی تاڵ و بەئازارە،تاڵتر لە سەدام و قەزافی!

## وێستگە

# تەنیا ژنێک!


ئاسۆ مینبەری

پاش بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و هاتنەسەرکاری پزشکیان بەپێی ئەسڵی ١٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، لیستەی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی پزشکیان بۆ دەوڵەتەکەی ڕادەستی مەجلیس کرا تاکوو پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەت بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەسعوود پزشکییان، لیستەیەکی ١٩ کەسیی لە وەزیرە پێشنیارکراوەکانی خۆی ڕادەستی مەجلیس کرد هەتا دەنگی متمانەیان بۆ وەرگرێت.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٩ی گەلاوێژ، مەجلیسی ڕێژیم لە دوو کۆبوونەوەدا، بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی وەزیرە پێشنیارکراوەکان، سەڵاحییەتی ٥ کەسی دیکەی تەئیید کرد کە یەک کەسیان ژنە و بەم جۆرە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاکوو ئێستا وەکوو وەزیر لە کابینەی پزشکیاندا سەڵاحییەتیان پێ دراوە گەیشتووەتە ١٢ کەس کە بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە کۆبوونەوەی وەرگرتنی دەنگی متمانەیان بۆ بەڕێوە بچێ.

لە لیستەی پێشنیارکراوی پزشکیاندا و لە نێوان ئەو ١٩ کەسەدا، تەنیا یەک ژن هەبوو کە ئەم بەشدارییە کەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتی و نارەزایەتیی نوێنەرانی مەجلیسی لێ کەوتەوە، دژایەتییەک کە ڕیشەی لە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمدایە و تێگەیشتن لەم ڕاستییەش کارێکی سەخت نییە. بەڵام ئەوەی پێویستە باسی لەسەر بکرێ، چەواشەکارییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە پرسەکانی ژنانە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کە ڕێژیم چۆن لە کاتە هەستیارەکاندا، ژنان دەکاتە کاڵا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و دواتریش بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانیان وەکوو مرۆڤێک، پەراوێزیان دەخات.

ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، دەتوانین بە لێکدانەوەیەک بۆ بەناو هەڵبژاردنەکان و یاریی ڕێژیم لەم کاتوساتەدا، لە بابەتەکە تێبگەین. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ڕێژیمی ئێران، دژەژنبوونیەتی. ئەمە بە ئاشکرا لە قسە و ئاکاری بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەدا بینراوە و ژنانیش جا سەر بە هەر چین و تاقمێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان فەرهەنگییان، هەستیان بەم ڕاستییە کردوە

بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتە باوەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژنان، لە پرسی بەناو هەڵبژاردنەکاندا ڕێژیم هەمیشە مەیدانێکی ئاوەڵاتر بە ژنان دەدات، چ وەک بەربژێر بۆ بازاڕگەرمیی شانۆی هەڵبژاردنەکانی و چ وەک کەسانێک کە ستادەکانی هەڵبژاردنەکانیان پێ پڕ بکاتەوە تاکوو خەڵکێکی زیاتر ڕاکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدان بکات، ئەڵبەتە ئەوەش کە چەواشەکارییەکی ئاشکرا لەبەرچاوی جیهانەوە دەکات و ئەم بوونە فیزیکی و فۆرماڵیتەیە وەکوو بەشدارییەکی ڕاستەقینە و لە ڕووی ئاگاهیی سیاسییەوە دەنوێنێ، بابەتێکی دیکەیە کە جێگای سەرنجە.

لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیشدا کە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ڕێژیم لە دوای شۆڕشی ژینا بوو، ڕێژیم سەرەڕای هەموو سەرکوتکارییەکان بەرانبەر بە ژنان کە ئێستاش بەردەوامن، هەوڵی دا بە جۆرێک ئەندازیاریی شانۆکەی خۆی بکات کە مەیدانێکی زیاتر بە ژنان بدات، تێگەیشتن لەم مەیدانپێدانە بە ژنان لەم کاتوساتەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە قۆناغێکی دژوار و پڕ هەوراز و نشێودا تێپەڕی بوو کارێکی ئەستەم نەبوو، هەر بۆیە کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆ گرت و بە بایکۆت وڵامە هەمیشەییەکەی خۆی جارێکی دیکە بە ڕێژیم دایەوە، لەم ڕاستایەدا ژنانی کوردستان بە خوێندنەوەی ژیرانەی دۆخەکە و بە نەهاتنە نێو شانۆکەی ڕێژیم، ڕایانگەیاند کە فریوی هیچ یارییەکی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم ناخۆن.

لە کاتی بەناو هەڵبژاردنەکاندا، بەربژێربوونی چەند ژن، کاردانەوەی بەرچاوی بەدواوە بوو، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگە بە ئاگایی لەسەر ڕێژیم و ئەو ڕاستییە کە ژنان لەو قەوارە سیاسییەدا ناتوانن وەکوو سەرۆککۆمار ئەرک لە ئەستۆ بگرن، ئەمەیان بە فیڵی نوێی ڕێژیم بۆ ڕاکێشنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەوڵی ڕێژیم بۆ لەبیربردنەوەی هەموو سەرکوتکارییەکان دژی ژنان لە سەردەمی شۆڕشی ژینا لە بیر و زەینی خەڵکدا زانی. ئێستاش پاش دەستنیشانکردنی پزشکیان، هەبوونی یەک ژن لە کابینەکەیدا، ئەتوانێ چەند مەبەستی لە پشت بێ، یەکەم ئەوەی کە پزشکیان دەیەوێ وا بنوێنێ کە بەڕاستی ڕیفۆرمخوازە و دەیەوێ پاش شۆڕشی ژینا پێگەی ژنان بەرز بنرخێنێ و دووهەم ئەوەی ژنان چیدیکە دژایەتیی ڕێژیم نەکەن و وا هەست بکەن خاوەنی پێگەی خۆیانن. لەلایەکی دیکەشەوە دنیای دەرەوە پێی وابێ شۆڕشی ژینا ئاکامی خۆی وەرگرتوە و ئازادی و ژیان بۆ ژنان مسۆگەرە.

هەرچەند کە لای خودی خەڵکانی ئێران و بەتایبەتیش ژنان و بەتایبەتیتریش ژنانی کوردستان ئەم شانۆیە هیچ مانایەکی نییە و باش دەزانن کە پزشکیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باقی مۆرەکانی ڕێژیم نییە و ئامانجەکانی خامنەیی پێڕەو دەکات، بەم شێوەیە دڵنیاشن کە ئەگەر تەنانەت هەموو وەزیرەکانی کابینەکەی پزشکیانیش ژن بایەن، قەت ئەم هەڵبژاردن و دیاریکردنە بە مانای کرانەوە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و ئەوەی کە نەگۆڕە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم و هەوڵەکانی بۆ سەرکوتی هەموو دەنگە جیاوازەکانە. کەوابوو دەسبەکاربوونی فەرزانە سادق وەکوو وەزیری ڕێگا و شارسازی هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ و ئەم ژنە کە بێگومان درێژەدەری ڕێباز و ئامانجەکانی ڕێژیم لە کابینەکەی پزشکیان‌دایە، ناتوانێ نوێنەرایەتیی تاقە ژنێک لەو جوغرافیایەدا بکات.

# خەباتی کورد لە ئێران: هاوکێشەی هێز و گەڕان بەدوای خۆبەڕێوەبەریدا

شوکریە برادۆست– ماڵپەڕی کلینگندیل
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

## ڕوانگەی کورد لەمەڕ "ژن–ژیان–ئازادی"

سەرهەڵدانی "ژن–ژیان–ئازادی" بوو بە ساتەوەختێکی مێژوویی بۆ پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ یەکەم جار لە ئێران، ئەو نارەزایەتییانەی لە ناوچە کوردییەکانەوە دەستی پێ کردبوو، بە دروشمەکانیشەوە لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگی دایەوە. بێجگە لە دەربڕینی نارەزایەتی دژی سەرکوت و نەبوونی ئازادییە مەدەنییەکان بە گشتی، جووڵانەوەی ژن–ژیان–ئازادی هەروەها دەرفەتێکی دەگمەنی بۆ خەڵکی ئێران دەستەبەر کرد تا سیاسەتە کۆنباوە دژە کوردەکەی "ئەمنییەتیکردنی سیستماتیک" تووشی ئالنگاری بکات. سیاسەتی بە ئەمنییەتیکردنی داواکارییە ئەتنیکییەکانی کورد، واتە وێناکردنیان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر وڵات کە دەبێ بە ئامرازی لە ڕادەبەدەر سەرکوت بکرێ، لە سەردەمی پەهلەویدا دەستی پێ کرد و دوای ١٣٥٧ درێژەی پێ درا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو سیاسەتە بوو بە ڕوانگەی ستانداردی دەوڵەت و هەروەها شێوە سەپاندنێکی نافەرمی کە هەڵاواردنکارییەکی بەرفراوان دژی کوردانی ئێرانی لێ کەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرفەتی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بەو سیاسەتە و دروستکردنی هاوپەیمانیی لە نێوان تاقمە کورد و غەیرە کوردەکاندا زۆر خێرا، کاتێک ڕێژیم ڕوانگە کۆنباوەکەی لەمەڕ پیرۆزیی یەکپارچەیی خاکیی ئێران قوت کردەوە، لە کیس چوو. بەڵام، هیچکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران بە کردەوە داوای جیابوونەوە ناکەن. لە جیاتان، پێڕەو و پرۆگرامی حیزبەکانیان بۆچوونی ئێرانێکی فیدراڵ دەخەنە ڕوو کە لەویدا کورد مافی خۆ بەڕێوەبەریی هەبێت. بە کورتی، ڕێژیم جۆرێکی شێوێندراو لە داواکانی کوردانی دژی ئەوان بەکار هێنا، مۆرکی جیاییخوازیی لەو گرووپانە دا و ئۆپۆزیسیۆنی بەرینی ئێرانی بە قوتکردنەوەی حەزی نیشتمانپەروەریی دژی هاووڵاتیانی کورد هان دا و پەرتەوازەی کردن.

## نیشتمانپەروەری وەک قەڵایەک دژی کەمینە ئەتنیکییەکان

کاتێک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێران لە ئیمپراتورییەوە بوو بە دەوڵەت–نەتەوە، شوناسە جۆراجۆرکانی و ئەو تاقمانەی کە تا ڕادەیەک یەکسان دەژیان، لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا وردە وردە شوناسەکانی فارس و شیعە بە سەریاندا زاڵ کران. مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کە کەمینە ئەتنیکییەکان داوایان دەکردن بە شێوەیەکی پەرەئەستێن وەکوو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپاڕچەیی خاکی ئێران پێناسە کران. ڕێژیمی شۆڕشگێڕی ئیسلامی درێژەی بەو ڕوانگەیە دا و بە گوڕوتینێکی تایبەتەوە دژی کوردانی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت، چونکە پێی وابوو شوناسی ئەتنیکی دژی ئایدۆلۆژیای ئیسلامییە. بۆ وێنە لە یەکەم وتاریدا لە قوم لە ١٣٥٨، خومەینی ڕێبەرانی کوردی وەک "خراپەی سەرزەوی" ناو برد. لە پاییزی ١٣٥٨، ئەو باسی کەمینە ئەتنیکییەکان و هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ چەپەکان وەک هەڕەشەی مەزن دژی کۆماری ئیسلامی کرد. بە کورتی، نە دیموکراسی و نە مافەکانی کەمینەکان لە بەرنامەی دەوڵەتی خاوەن ناوی تازەی کۆماری ئیسلامیدا نەبوو. وەک پەرچە کردار، کورد، ئازەری، عەرەب و بەلوچەکان سەرهەڵدانیان کرد. بێجگە لە کوردەکان ئەوانی دیکە خێرا سەرکوت کران.

کوردەکانی ئێران لە سەرەتادا پشتیوانییان لە شۆڕشی ئیسلامی کرد بەو هیوایە کە ئەوە بتوانێ یارمەتیدەری بارودۆخی ژیان و وەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبەری بێ. بۆیە، ئەوان سەپاندنی ڕێژیمی ناوەندگەرای ئیسلامییان قبووڵ نەکرد. بە بایکۆتکردنی گشتپرسیی ١٣٥٨، ئەوان دژی پەرگالی نوێ وەستانەوە و لە جیاتان خوازیاری دەوڵەتێکی سێکولار و دیموکراتیک بوون کە بتوانێ خودموختاریی کوردان مسۆگەر بکات. لە وەڵامدا، خومەینی بڕیاری هێرشی سەربازیی بۆ سەر هێزە بەرهەڵستکارە کوردەکان و خەڵکی دا، لە کاتێکدا کە هێشتا وتوویژ لە نێوان نوێنەرانی کوردان و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ درێژەیان هەبوو. ئەو تەنانەت لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ پاش لێدانی مۆرکی کافر، حوکمی "جیهاد"ی دژی کوردانی ئێران دا. تاکتیکە سیاسییەکان دەورێکی مەزنیان لەو هەڵسوکەوتانەدا لە کاتێکدا کە دەوڵەتی نوێ خەریکی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و ورووژاندنی جەماوەر بە لێدانی مۆرکی "دژی دەوڵەت" لە کوردان بوو گێڕا.

لە کاتی شەڕی کوردستان لە ١٣٥٨ تا ١٣٦٢، زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردان وێران کران و نزیکەی ١٠ هەزار کەس کوژران، لە نێویاندا ١٢٠٠ زیندانیی سیاسی. ئایەتوڵڵا سادق خەڵخاڵی، لە لایەن خومەینییەوە وەکوو سەرۆکی دادگای شۆڕش لە کوردستان دیاری کرا، کە بە شێوەیەکی بەدناو بە نێوی "دادوەری مەرگ" ناسرابوو، حوکمی کوشتنی هەزاران کوردی لە دادگایی لە گۆترەدا دەر کرد. سەرکوتی ئەوتۆ تا تێکشکاندنی سەرهەڵدانی کوردان بەردەوام بوو. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی لە ١٣٧٦دا، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، گوتی "لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٧١، زیاتر لە ٢٧١ گوندی کوردان وێران و چۆل کران". بێجگە لەوە، هەڵمەتێکی سەربازیی دیکەش دژی کوردانی ئێران لە نێوان جولای تا زستانی ١٣٧٢ بەڕێوە چوو کە لەو ماوەیەدا ١١٣ گوند بۆمباران کران و کوردستانی ئێران کەوتە ژێر حکوومەتی سەربازیی بە بوونی بەردەوامی ٢٠٠ هەزار هێزی سەربازیی لەوێ.

## میراتی سەرکوتی دوای شۆڕش

سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان هەروەها بوو بە هۆی دەستەبەر کردنی دەرفەت بۆ ئەندامانی هێزی تازە دامەزراوی سوپای پاسداران تا خۆیان بە شەڕ، هاوشێوەی جەنگی ئێران–عێراق کە لە ١٣٥٩ دەستی پێ کرد، قوت بکەنەوە. خزمەتی سەردەمی جەنگ بواری بۆ گەلێک لەوان خۆش کرد تا پلەی بەرز لە نێو هێزی سەربازیی و بەڕێوەیی وڵاتدا بەدەستەوە بگرن و لەوێ دەوری یەکلاکەرەوەیان لە درێژەپێدان بە مۆرکلێدان لە کوردان وەک هەڕەشەی ئەمنییەتی بدەن کە دەبێ دڕاندانە هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکرێ. بۆ وێنە، قاسم سولەیمانی، کاتێک ٢٣ ساڵە بوو، بوو بە فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکان لە پارێزگای خۆی، کرمان، لە ١٣٥٩. ئەو هێزە بە تیپی ٤١٧ سارەڵڵای سوپای پاسداران نێوبانگی دەرکرد و لە سەرەتادا لە ناوچەی کوردستانی ئێران کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەوە دەرفەتی ئەزموونی ڕاستەوخۆی شەڕی بۆ سولەیمانی دەستەبەر کرد و ناوبراو لەوێوە بە سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان نێوبانگی بۆ خۆی دروست کرد.

لە کاتی سەرهەڵدانەوە، ناوچەی کوردستانی ئێران بەرەوڕووی گەشە نەکردوویی ئابووری، پەراوێزخرانی سیاسی و میلیتاریزەکرانی بەربڵاو بۆتەوە. زانیاریی ناوەندی ئاماری ئێران ئاشکرای دەکەن ئەو ناوچەیە لە پاییزی ١٤٠١ بە ٪ ١٣،٨ بەرزترین ڕێژەی بێکاریی لە ئێرانی هەبووە. کرماشان، پارێزگایەکی کورد، تەنانەت لە هەمان ساڵدا ڕێژەی ٪١٧،٤ی تۆمار کردووە (ڕێژەی مامناوەندی بۆ گشت وڵات ٪٨،٢ بووە). سنوورداربوونی دەرفەتی کار و سیاسەتی هەڵاواردنکارانەی دامەزراندن بوونە هۆی بەرز مانەوەی ڕێژەی بێکاریی و لە ئاکامدا بوونە هۆی ئاسۆی خراپی ئابووری. ڕاپۆرتی ئاماری دەوڵەت لەمەڕ بێکاریی ١٤٠١–١٣٩٨ دەڵێ ٪٦٦،٨ ئەو کەسانەی لە پارێزگای کوردستان [سنە] کاریان هەیە لە کەرتی نافەرمیدا کار دەکەن، کە نەبوونی بیمە و یارمەتی خانەنشینی لەو پیشانەدا باوە. ڕێژەی بەرزی کاری نافەرمی ئاماژە بە دابەشینەوەی ناکارامە و هەروەها ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی کەرتی تایبەت بە هۆی وەبەرنەهێنان و کەشوهەوای خراپی سەروەریی یاسایە. زۆر کورد هیچ ڕێگا چارەیەکییان بێجگە لە کۆچ بۆ تاران، بۆ عێراقی دراوسێ یان خەریکبوون بە کاری کۆڵبەریی لە سەر سنوور لە ژێر بارودۆخی گەلێک دژوار دا نییە (هەڵگرتنی باری ٣٠ کیلۆیی بە کێو و تەلاناندا بە ١،٥ میلیۆن تمەن کە دەکاتە ٢٤ دۆڵاری ئەمریکایی). چونکە ئەو خەڵکە کە ژنیشیان تێدا، لە حەوتوودا یەک جار دەتوانن ئەو کارە بکەن، بنەماڵەکانیان زۆر جار دەبێ بەوەندە بژین لە کاتێکدا بۆخۆیان بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی تەقەلێکران لە لایەن هێزەکانی سەر سنوور و کوژران و بریندابوون بۆ هۆی دیکە دان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، لانی کەم ١٣ کۆڵبەر لە مانگی مای ٢٠٢٤ کوژراون یان بریندار بوون. جێگای ئاماژەیە کە ٪٩٢ی ئەو ڕووداوانە بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بوون. دۆخی ئابووری ناوچە کوردییەکان هێندە خراپ بوو کە نە هەڵگرتنی ڕێژەیی گەمارۆکان لە ١٣٩٤ و نە سەپاندنەوەیان لە لایەن ئەمریکاوە لە ١٣٩٧، کاریگەرییەکی بەرچاویان نەبوو. ناوچەکە هەروەها خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاو زیندانیی سیاسی و لە سێدارەدراوانی ئێرانە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، نزیکەی نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران کوردن کە بەڕادەیەکی بەرزتر لە گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە حوکمی لە سێدارەدرانیان بۆ دەبڕدرێتەوە. زیندانییە سیاسییەکانی کورد هەروەها زۆرتر بە تاوانەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تۆمەتبار دەکرێن.

## قسەی زۆری بێکردەوە

سەرۆککۆماری ڕیفۆرمخواز محەممەد خاتەمی یەکەم سیاسەتوانی پلەبەرز بوو کە دانی بە پەراوێزخستنی کوردان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا نا. بەڵێنی ناوبراو بۆ چارەسەر کردنی پرسەکە بوو بە هۆی بەرزترین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانی کورد لە مێژووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی خاتەمیدا، بە هۆی جێبەجێنەکردنی بەڵێنییەکانی، ڕێژەی بەشداریی کوردان لە ٪٧٣ بۆ ٪٥٣ دابەزی. لەو کاتیەوە، بەڵێنییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەڵاواردنی ئەتنیکی بووەتە ستراتێژیی باوی بەربژێرانی سەرۆککۆماریی بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران. بەڵام وەک هەمیشە، کاتێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، بەڵێنییەکانیان جێبەجێ ناکەن. بۆ وێنە، ڕوحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٩٢ دا، بەڵێنی دا ئیزن بە گوتنەوەی زمانی دایکیی کەمینە ئەتنیکییەکان، وەکوو ئازەری، کوردی، عەرەبی، لە قوتابخانەکانی ئێران بدرێ (کە بە هەڵکەوت، تەنیا جێبەجێ کردنی سیاسەتی فێرکاریی بە گوێرەی برگەی ١٥ی یاسای بنەڕەتییە). سەرەڕای ئەو بەڵێنییە و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بە هۆی پشتگیریی کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕوحانی قەت جێبەجێی نەکرد

## وێنا کردنی دووبارەی کوردان وەکوو ئێرانیی بێ وەفا

لە کاتی نارەزایەتییەکانی "ژن–ژیان–ئازادی"دا، ڕێژیم جارێکی دیکە هەوڵی دا بیروڕای گشتی دژی هەرێمی کوردستان بورووژێنێ تا شێوازە سەرکوتکارانەکەی بۆ پێشگرتن بە سەرهەڵدان بشارێتەوە. بۆ وێنە، ڕێژیم هێزە سەربازیی و دەوڵەتییەکانی بۆ ماوەی ٣٦ کاتژمێر لە شاری شنۆ بردە دەرەوە بەو هیوایە خەڵکی ئەو شوێنە داوا لە هێزی پێشمەرگە کە لە عێراق جێگیرن بکات تا بێت و دەست بەسەر شاردا بگرێ. بهاتبا و ئەوە ڕووی دابا، بیانووی دەدا بە ڕێژیم تا بە ناوی شەڕ دژی جیاییخوازان هێرش بکات. ئەوە هەروەها ئیزنی بە تاران دەدا خۆی وەکوو جەنگاوەر دژی "تاقمە تێرۆریستییەکان" و بەرگریکاری ئاسایشی سنوورەکانی بنوێنێ، بەو قازانجە زیادییەوە کە سەرهەڵدانەکە بە گشتی لە ڕەوایی بەتاڵ بکات. بەڵام، هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان بڕیاریان دا درێژە بە سیاستە درێژمەودایەکەیان لەمەڕ درێژەدان بە خەباتەکەیان بە ئامرازی مەدەنی بدەن و پێشمەرگەیان نەناردەوە. چوارچێوەی باسەکە لێرەدا ئەوەیە کە حیزبە بەرهەڵستکارە کوردییەکان، کە بە شێوەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، لە ١٣٧٥ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن کە کەڵک لە خاکی هەرێمی کوردستان وەک ڕێگای بەڕێوەبردنی چالاکیی سەربازیی لە ئێران وەر نەگرن. ئەو گۆڕانە ستراتێژیکییە ئیزنی بە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کورد دا جەخت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و خەباتەکەیان لەجیات لە عێراقەوە، لە نێوخۆی ئێران بکەن.

بە هۆی ئەو ستراتێژییەی بەرگریی مەدەنی، ناوچەی کوردستان مەکۆی بەهێزترین بەرهەڵستکاریی دژی ڕێژیم لە ١٤٠١ بوو. هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچە کوردییەکانی ئێران، کە هاوسنووری عێراقە، و هەروەها ڕایەڵە پتەوەکەی ڕێبەران و ڕێکخراوەکانی مەیدانی، ئیزنی پێدان ببنە ناوەندی جووڵانەوەی بەرهەڵستکاریی بەربەرینتر لە ئێران. بۆ وێنە، ڕێژیم کوردی بەوە تاوانبار دەکرد لە کاتی شەڕی کوردستان سەری سەربازانی بڕیوە، بێ ئەوەی بەڵگەیەک پێشکەش بکات. ئەو ئیددیعایانە ئێرانییەکانی دژی کوردان هان دەدا و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەش لە گێڕانەوەکانی ڕێژیم سڵیان نەدەکرد. لە جیاتان، ئەوان هێرشیان کردە سەر گرووپە بەرهەڵستکارەکانی کورد و داواکارییەکانیان. حاشاکردن لە مافەکانی کوردان بۆ خۆ بەڕێوەبەریی، خێرا بووە هۆی کۆتاییهاتنی هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد و تاقمەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن. لایەنە ئەرێنییەکەش ئەوە بوو کە هاوکاریی گرووپە بچووکە غەیرە کوردییەکانی بەرهەڵستکار لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەمەزراندنی جووڵانەوەی نوێی هاوپشتیی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێرانی لێ کەوتەوە کە لایەنگری مافە ئەتنیکییەکانی کۆمەڵگای فرەچەشنی ئێرانە.

## بەربەستی دیکە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ

کوردەکان سێهەمین حەشیمەتی ئەتنیکیی ئێران دوای فارس و ئازەرین، کە ڕێژەی دانیشتووانی لە نێوان ٨ بۆ ١٢ میلیۆن کەسە. زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننین، کە ئەوان لە دانیشتووە سەرەکییەکانی فارس و ئازەری جیا دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردانی ئێران بڕوامەندی ئایینزا و ئایینی دیکەشیان هەن، لە نێویاندا شیعە، یارسان، کریستیان، جوولەکە و زەردەشتی. سەرەڕای فرەچەشنیی ئایینی، کوردەکان پێشترییەتی بە شوناسی تەنیکیی خۆیان لە جیات شوناسی ئایینی دەدەن. ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەر بناخەی شوناسی ئەتنیکی بۆ یەکەمجار لە نێو کوردانی ئێران دا سەری هەڵدا. کوردانی ئێران پشتگیرییەکی کەمیان لە لایەن تاقم و پێکهاتە کوردییەکانی دیکەی دەرەوەی ئێران لێ دەکرێ، جا چ بگات بە دەوڵەتانی دیکە.

بۆ وێنە، ئازەرییەکان، کە لەگەڵ کوردان لە شاری وەکوو ورمێ دەژین، لە بەرهەڵستکارییەکەیان هەم لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەروەها پرسی کورد، لە لایەن تورکیە و کۆماری ئازەربایجانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ. ئەگەرچی هێندێک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئازەری، وەکوو ئەوانی حیزبی دیموکڕاتی ئازەربایجان (پێشتر نێوی بیرلیک بوو)، بۆ هاوکاریی لەگەڵ کوردان کراوەن، بەڵام دەسەڵاتیان سنووردارە. بێجگە لەوە، ئازەرییەکان لە کۆنەوە بەشێکی ئاوێتە بوو لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سەربازیی، ئابووری و سیاسی ڕێژیمەکانی پارس و ئێرانی بوون، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپڕاتووری سەفەی ٦٠٠–٤٠٠ بەر لە ئێستا کاتێک ئەوان تەنانەت زاڵیش بوون. لە کۆتاییدا، هەڵوێستی سیاسی ئازەری بەرانبەر بە ڕێژیم تێکەڵە، کە ئەو تاقمە ئەتنیکییەی دابەش کردوە. لەگەڵ نەبوونی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی، ئەوە بۆتە هۆی ئۆپۆزیسیۆنێکی کەمتر کاریگەر.

وەک دەرەنجام، لە کاتێکدا کوردانی ئێران لە بەرهەڵستکارییەکەیاندا بۆ مافی زۆتری ئەتنیکی بەردەوام دەبن، ئەوان لە بەرانبەر ئەگەراکاندان و بەرەوڕووی بەرهەڵستکاریی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و هەروەها تاقمە بەرهەڵستکارە جۆراجۆرە ناکوردییەکانی ئێران و دیاسپۆڕا دەبنەوە. برگە ٢٢یەکە (برگەی ٢٢=دۆخێکی ئاڵۆز کە لەویدا تۆ ناتوانێ شتێک بکەی تا لە پێشدا کارێکی دیکە نەکەی بەڵام بۆ کردنی ئەو کارەش دەبێ لەپێشدا کارەکەی یەکەم بکەی. و.) ئەوەیە کە ئێلیتی دەسەڵاتداری ئێرانی داوا ئەتنیکییەکان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران لە کورتماوەدا سەیر دەکات، ئەگەرچی جێبەجێ کردنی داوا ئەتنیکییەکان بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیاسی لە درێژمەودا دا پێویستە. لە ١٣٥٧، کفوکوڵی ئایینی توانی شوناسە ئەتنیکییەکان سەرکوت بکات و هێزە شۆڕشگێڕە جۆراجۆرەکان لە ژێر ڕێژیمی ئیسلامیدا یەک بخات. نارەزایەتییەکانی ١٤٠١–١٤٠٢ ئاشکرای دەکەن کە شوناسە ئەتنیکییەکان نە تەنیا بەردەوامن بەڵکو داواکارییە ئەتنیکییەکان و نارەزایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئەتنیکەوە لەسەر یەک کەڵەکە بوون. بێتوو ئەو دۆخە درێژەی هەبێ، مەترسی لێک هەڵوەشانی ئێران لە کاتی شکستهێنانی سەرکوت هەیە و نارەزایەتییە ئەتنیکییە پەنگخواردووەکان بەسەر تێفکرین و ئاکاری سیاسیدا زاڵ دەبن.







مەجید حەقی

# شەڕی کۆتایی

دوای کوژرانی "ئیسماعیل هەنیە"، ڕێبەری ڕێکخراوی حەماس لە تاران ڕێژیمی ئێران هەست بە شکستێکی قووڵی ستراتیژیک و ئەمنییەتی دەکات. میوانێکی زۆر خۆشەویستی خامنەیی لە ڕۆژی سوێندخواردنی سەرۆککۆمارە نوێیەکەی لە دڵی تاراندا کوژرا و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران نەیانتوانی بیپارێزن. بە دوای ئەودا خامنەیی و کاربەدەستانی سەربازی و سیاسی ئێران هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەیان لە کوژرانی "میوانی ئازیز"یان لە ئیسرائیل کرد و ئاستی ئالارمی لەشکەری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەرزترین ڕادەی خۆی گەیشت. هەڕەشەکانی ئێران هاوکات لە گەڵ ئەو دەستوەشاندنە یەک لە دوایی یەکەکانی ئیسرائیل بوون بۆ سەر "بەرەی مقاومەت" و بەوە ڕێژیمی ئێران کە مەکۆی تێرۆریزمی نێونەتەوەیی و سەرچاوەی دارایی، ئایدیۆلۆژی و پەروەردەیی تێرۆریزمە ئیسقانەکانی لە ژێر زەختی ئەو شکستانە کەوتنە قرچە قرچی شکان.

وڵاتانی ڕۆژئاوا نیگەران لە ئاکامەکانی شەڕی "لەوانەیی" لە نێوان ئێران و ئیسرائیل کە دەتوانێت ببێتە شەڕێکی ناوچەیی لە هەموو کاناڵەکانی دیپلۆماسی و پێوەندی خۆیان کەڵک وەرگرت بۆ پێشگیری هێرشی تۆڵەستێنانەی ئێران و هێزە پرۆکسییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل. دوایین جار وڵاتانی بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ئیتالیا، ئەمریکا و تەنانەت ئیسرائیل ئێرانیان لە ئاکامی هێرشێکی لەوچەشنە وریا کردەوە. عەلی خامنەیی ڕۆژی ٢٤ی گەلاوێژ ئەو ئاگادارییانەی بە شەڕی "دەروونی" ناو برد و گوتی ئامانجی ئەو شەڕە ڕەوانییە ترس و پاشەکشەپێکردن بە ئێرانە. خامنەیی گوتی ئێمە پاشەکشە ناکەین، پاشەکشە چ لە مەیدانی سیاسی و چ لە مەیدانی نیزامیدا دەبێتە هۆی "غەزەبی ئیلاهی". بەڵام داخۆ ئەمە بە واتای خۆ ئامادەکردنی ئێران بۆ شەڕە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیمی شەڕە، بەبێ شەڕ و ئاژاوە و سەرکوتی بێبەزەیانەی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە کە لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ویستی خەڵک بێتوانایە ناتوانێت درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەموو ئاماژەکان ئەوە دەڵێن کە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران، حیزبوڵڵا و ئیسرائیل زۆرە. لە کاتی ڕوودانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ بیهەوێ و چ نەیهەوێ ناچار بە بەشداریی شەڕ و پشتیوانی لە ئیسرائیل دەبێت. هەرچەند ئێران لە ڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە هیچ پاساوێکی حقووقیی نییە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. چونکە ئیسرائیل دانی بە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە دانەناوە. لەگەڵ ئەوەش هەرچی مێژووی هێرشی "تۆڵە ئەستێنانەی" ئێران وەدرەنگتر بکەوێت، بەجیاتی ئەوەی بە واتای پاشکەشەی ئێران بێت، دەتوانێت بە واتای ئامادەبوونی ئێران بۆ شەڕ بێت. شەڕێک کە لە مێشکی سەرانی کۆماری ئیسلامیدا "کۆتا شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" یان تەنانەت دوایین شەڕ بێت.

ئیسرائیلی سەردەمی ڕێبەریی بنیامین نێتانیاهوو، وا دەردەکەوێت خۆی ئامادە کردوە بۆ شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش. ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ نێتانیاهوو بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئەمریکا لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤دا ئەم وڵاتە بۆ شەڕێک پەلکێش بکات کە بە هیچ شێوەیەک ناخوازێت تێوەی بگلێت. بە هۆی گۆڕانی کەشی هەڵبژاردن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای پاشەکشەی "جۆ بایدن" لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکان و هاتنی "کامیلا هەریس" وەک کاندیدی دێموکراتەکانی ئەو وڵاتە، ئەگەری دۆڕانی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا چووەتە سەرێ. ئەگەر بایدن کاندیدی سەرۆککۆماری بمایە، بەو هیوایەی ترامپ دەیباتەوە و پشتیوانی لە نەتانیاهوو دەکات، لەوانەبوو نەتانیاهوو پێی خۆش بوایە شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا وەدرەنگ بخات. بەڵام ئێستا کە لە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بەرگەکە گۆڕاوە، نەتانیاهوو دوور نییە بەرلە هەڵبژاردن هێرش بکاتە سەر حیزبوڵڵا و بەمە ئێرانیش ناچار بکرێت بە بەرگریکردن لە ستراتێژیکترین هێزی پرۆکسیی خۆی لە ناوچەدا.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی کامیلا هەریس، لەوانەیە ئەمریکای ژێر ڕێبەریی هەریس چیدی ئامادە نەبن باجی هەموو سیاسەتەکانی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەراکەی بدەن. بۆیە هەلومەرجی شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا یا خود ئێران ئێستا لەبارترە بۆ نەتانیاهوو هەتا دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بەکردەوە گەمارۆی ئیسرائیلی داوە. لە باشووری ئیسرائیل حەماس و جەهادی ئیسلامین کە تاوانی ٧ی ئۆکتۆبریان خوڵقاند و گەورەترین کوشتاری جووەکانیان لە دوای هۆلاکۆست لە یەک ڕۆژدا ئەنجام دا. لە باکوور حیزبوڵڵای لوبنان هەیە کە لەسایەی پشتیوانی و هاوکارییەکانی لۆجیستیکی ڕێژیمی ئێران خاوەنی دەیان هەزار مووشک و درۆن و توانیویانە زۆر جار قەڵای ئاسنینی ئیسرائیل تێک بشکێنن و ببنە هۆی ئاوارەیی زیاتر لە سەد هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە. تەنانەت بەندەری حەیفاش لەژێر هەڕەشەی هێرشی حیزبوڵڵادایە و بەکردەوە لەژێر ئەو هەڕەشەیەدا کارامەیی بازرگانی و هاتووچۆی جارانی خۆی نەماوە. لە باشووریش حۆسییەکانی یەمەنن کە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بەردەوام خەریکی مووشەکبارانی ئیسرائیل بوون و تەنانەت توانیویانە بە درۆن هێرش بکەنە سەر تلاڤیڤی پایتەختی ئەو وڵاتە. لە لایەکی دیکەوە حەشی شەعبی عێراق بە پشتیوانیی ئێران ماوە بە ماوە هێرش دەکاتە سەر ئیسرائیل.

هەر چەند ئیسرائیل دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵستینی لە ناوچەی غەزەدا کوشتوە، بەڵام ئەو وڵاتە ئێستاش لە شۆکی ٧ی ئۆکتۆبردا دەژیت و تووشی تراوما و حەپەسانێکی زۆر قووڵ بووە. لەژێر هەڕەشەکانی حیزبوڵڵای لوبناندا بوونی زیاتر لە سەد هەزار ئاوارەی نێوخۆیی لە ئیسرائیل و بنەماڵەی بارمتەکان بوونەتەوە زەختێکی نەتەوەیی و سەرانسەری بۆ سەر حکوومەتی نەتانیاهوو. ئێستا لای خەڵکی ئیسرائیل پرسیارە داخۆ دەوڵەت و ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ ناتوانن ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێنن؟ ئەم زەختە بووەتە هۆی ئەوەی دەوڵەت، بیروڕای گشتی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەش بەو ئاکامە بگەن: ئێمە ناتوانین هەتا هەتایە لەژێر هەڕەشەی حیزبوڵڵادا بین و خەڵک نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆیان. بۆیە دەبێ سەرەنجامێک بۆ ئەو هەڕەشانە هەبێت و هێرش بکرێتە سەر حیزبوڵڵا بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاریی ئەو هەڕەشەیە و دەستەبەری ئەمنییەتی خەڵک لە باکووری ئیسرائیل. بۆ ئیسرائیل هێرش بۆ سەر حیزبوڵڵا و تەنانەت ئێرانیش باشترین دەرفەتە. بۆ ئیسرائیل شەڕی ماندووکەرەوە (فەرسایشی) پرۆکسییەکانی ئێران دژی ئەو وڵاتە دەبێتە هۆی ماندوویی و لەنێوچوونی هێزیان و ئەمە دەبێتە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوونی وڵاتەکەیان. لە حاڵەتێکی وادا لەوانەیە کۆماری ئیسلامی نەوێری ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە حیزبوڵڵا بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی یەکجاری حیزبوڵڵا. ئەگەر ئێران بۆ پشتگیری لە حیزبوڵڵا بەشداری شەڕ بێت، ئەوا لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە باشترین دەرفەتە بۆ لەنێوبردنی ئێران و هەڕەشەکانی هەمیشەیی. چونکە بەراوردی ئیسرائیل ئەوەیە ئەمریکا لە شەڕێکی وادا پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات و بەوە ئیسرائیل دەتوانێت تەنانەت هەڕەشەی ناوکیی ئێرانیش لە سەر خۆی لە نێو ببات. کاربەدەستانی ئێرانی لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار هەڕەشەی گۆڕینی دۆکتۆرینی ئەتۆمیی خۆیان کردوە. لە کاتێکی وادا ئێران ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات، دوور نییە هێرشی ڕاستەخۆ بکاتە سەر ئیسرائیل. بۆیە سروشتیە ڕێگە نەدات وڵاتێک کە ستراتێژییەکەی لەنێوبردنی خۆیەتی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

لەو دیوی دیکەشدا حیزبوڵڵاش خۆی بۆ هێرشی تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی فەرماندەی خۆی "فواد عەلی شکر" بە دەست ئیسرائیل ئامادە کردوە و لەوانەیە هاوکات لەگەڵ هێرشی ئێران بە تۆڵەی کوژرانی هەنیە بۆ سەر ئیسرائیل هێرشی خۆی دەست پێ بکات. بە قسەی حەسەن نەسروڵڵا ئێران و حیزبوڵڵا ئەرکدارن بە تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی ئەو دوو کەسە.

وڵاتانی ڕۆژاوا و لەوانە دەوڵەتی بایدن بە تەواوی دژی شەڕی لەوانەیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و تەنانەت شەڕی لە گەڵ حیزبوڵڵان. دەوڵەتی ئەمریکا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ مسۆگەرکردنی ئاگربەسێک لە نێوان حەماس و ئیسرائیل و کۆتاییهێنان بە شەڕی غەزە کە بووتە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەڵستین. نەتانیاهوو زۆر لایەنگری ڕاوەستانی شەڕ نییە، چونکە لەلایەک کۆتایی شەڕ و ئاگربەست بە واتای سەرکەوتنی حەماس دێت و لەلایەکی دیکەوە کۆتایی شەڕ دەتوانێت کۆتایی ژیانی سیاسی نەتانیاهوو و دەوڵەتە ڕاستگەراکەی بێت. لەگەڵ ئەمەش سەرەڕای دژایەتیی کۆشکی سپی لەگەڵ سیاسەتەکانی نەتانیاهوو لە ئەگەری هەرجۆرە شەڕێکی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەمریکا بۆ بەرگری ئەو وڵاتە بەشداری شەڕ دەبێت. شەڕێک کە دەتوانی کۆتا شەڕ بێت. سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی کۆشکی سپی لە نەتانیاهوو، ئەو وڵاتە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی و یارمەتیی وڵاتی ئیسرائیلی داوە و هێزێکی زۆری دەریایی و بەرگری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەریاکانی ناوچە جێگیر کردوە کە نەک هێزی پێشگیرانە، بەڵکوو دەکرێ بێژین هێزی هێرشبەرن.

### کورد لە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل؟

دوای هێرشی درۆنی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، دەیوید کامێروون، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی بریتانیا گوتی: "ئێستا هەموو جیهان نێوەرۆکی تێرۆریستی و هێرشبەرانەی ڕێژیمی ئێران دەناسێت". ئەو مووشەکانەی ڕۆژگارێک ڕێبەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەکردە ئامانج، ئێستا بە ئیسرائیل دەگەن و دوور نییە ئەگەر پێشی ئێران نەگیرێ مووشەکەکان دەروازەکانی ئورووپاش بکەنە ئامانج.

ستراتێژی بەرەی ناسراو بە "مقاومەت" لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو دەنگانەیە بیر لە داهاتوویەکی ئاشتیخوازانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکەن. شەڕ بەدوای خۆیدا ماڵوێرانی دێنێت، شەڕێک کە نەتەوەی کورد نە بەشدار، نە هۆ و نە دەستپێکەریەتی. شەڕێک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە نییە. دەرفەتە نێونەتەوەییەکانیش زۆر بەدەگمەن بە قازانجی کورد دەبن. لەو لاشەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو شێوازەکانی ئاپارتایدی سیستماتیک و ژێنۆساید کەڵکی وەرگرتووە بۆ لەنێوبردنی خەڵکی کوردستان. لەکاتێکی وادا سروشتییە کورد دەرفەتە نێونەتەوەییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیدا بقۆزێتەوە.

دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا دەنگی "ژن ژیان ئازادی" سنوورەکانی کوردستانی تەنیەوە و ویستی خەڵکی کورد بوو بە ویست و داوایەکی گشتگیر. لەگەڵ ئەمەش بە هۆی دووبەرەکی و نەبوونی ستراتێژییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی، کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی ئەوتۆی بەرچاو و مخابن لە کاتێکدا ئێمە لە سێهەمین ساڵڤەگەری دەسپێکی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، حیزبەکانی کوردستانی دەگەڕێنەوە سەر قۆناغی بەرلە شۆڕشی ژینا. ئێستا دەرفەتە نێونەتەوەییەکان ئەوەمان لێ دەخوازن کە بزاڤی کوردستان بەرفراوانتر لە سنووری حیزبی بیر بکاتەوە و ستراتێژییەکی نەتەوەیی ڕەچاو بکات. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هێزە سیاسی، مەدەنی و ئێلیتی کورد لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی نەتەوەییدا هێڵە ستراتێژییەکانی خۆی بە شێوەی یەکگرتووانە شی بکاتەوە و ئارایشێکی نوێی نەتەوەیی بەخۆیەوە ببینێت.

قووڵایی کێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە ئاستێک گەیشتوە کە کورد دەتوانێت خۆی وەک یەکێک لە ئەکتێرەکانی شوێندانەر لەسەر گۆڕینی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران و تەنانەت پارسەنگی هێز نیشان بدات و ببێتە "بەردەنگ"ی ئەکتەرەکانی شوێندانەر لەو ناوچەیەدا.

---

## دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ئەم پزشکیانە سەرۆککۆمارێکی زۆر ڕاستگۆیە!

دەتوانم لە جیات مەسعوود پزیشکیان سوێند "بە گیانی دایکم" بخۆم و بڵێم ڕاستگۆترین سەرۆککۆماری ئێرانە. ڕەنگە زۆربەی خوێنەران بزانن "بە گیانی دایکم" سوێندخواردنێکی تایبەت بە خەڵکی "سابڵاغ"ـە. هەمووشتان دەزانن "سابڵاغ" هەمان مەهابادە و لە بەر دڵی ئاغای سەرۆککۆمار لێرەدا بە"سابڵاغ" ناومان هێناوە. سەرۆککۆمار پزیشکیان خۆی بە سەرۆککۆماری هەموو ئێران دەزانێت و بە دڵیش حەزی لێیە "سابڵاغ" بکاتە "ساروونبڵاغ". لەبەر ئەوەی وێنەیەکی دایکی بەڕێزی جەنابی سەرۆککۆمارمان بە جلکی کوردیی ژنانە یانی بە کراس و ئاوەڵکراس و پشتبێند و کلۆجە و دەستماڵی سەرشان و تاسکڵاوی کوردییەوە دیتووە، بێڕێزیکردن بەم خانمە هێڵێکی سوورە.

ڕەنگە ڕاستگۆبوونی ئەم دوایین سەرۆککۆمارەی ئێرن لە سەرۆککۆماری یەکەمەوە بە میرات مابێتەوە. بەم هیوایە سەرۆککۆماری ئێستا بە دەردی کاک ئەبوولحەسەنی بەنیسەدر نەچێت. ڕاستگۆیانەترین لێدوانی سەرۆککۆماری یەکەم ئەمەبوو، گوتی: "داوا لە سەربازانی ئیسلام دەکەم هەتا هەموو کوردستان لە "دژە شۆڕشان" پاک دەکەنەوە، پۆتینان دەرنەهێنن." هەزار خۆزگەم بەو سەردەمە. ئەودەم سەرۆککۆمار دەستەڵاتی وەک ئێستا نەبوو. فەرماندەی هەموو هێزی چەکدار بوو، بەڵام لە سەردەمی پزیشکیاندا ئەم ئەرکەش فیتەبەدەورەی پێکراوە. وەک سەرەژنانی لای خۆمان دەڵێن، با چی دیکە چڵکی سەرۆککۆماری پێشوو نەشۆینەوە. ئەم مەسعوود پزشکیانەی خۆمان زۆر ڕاستە کوردان دەنگیان پێ نەداوە، بەڵام تەنانەت لە سەرۆککۆماری یەکەمیش ڕاستگۆترە.

ڕاستگۆیی پزیشکیان هیچ گومانی تێدا نییە و هەر لە کاتی بانگشەی هەڵبژاردندا بەئاشکرا دەرکەوتوە. ئەو لە کاتێکدا بەربژێری ڕاستەوخۆ و بێڕکابەری ڕیفورمخوازان بوو، گوتی: بەندەی موخلیستان بەدڵ و بەگیان بڕوای بە فەرمایشتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەیە و بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم فەرمایشتانە سەری پێوە نییە و هەرچی ئەو بیفەرموێت، هەر ئەوە.

ئەم لێدوانەی سەرۆککۆماری ئاخر لەگەڵ لێداونی سەرۆککۆماری یەکەم زۆر جیاوازە. ئەو داوای لە سەربازان کرد هەتا ئەم حیزبی دیموکرات و شتە کۆ نەکەنەوە پۆتنیەکانیان دەرنەهێنن. دیارە لە چل و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، سەربازان بە میلیۆنان جار پۆتینیان دەرهێناوە و سەرۆککۆماریش پاش ئەوەی بەرەو هەندەران ڕایکرد و لەوێ جەستەی تێکەڵی خاک و خۆڵ بوو، ئێستاشی دەگەڵدابێت فەرماشتەکەی وەدی نەهاتوە. بەڵام ئەم فەرمایشتەی ئاغای پزیشکیان بەدەست خۆیەتی و هەر لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە جێبەجێی دەکات. کورد دەڵێت منداڵ ئەگەر بژێیت بە "گووکردنی"یەوە دیارە. ئەمەش لە سەرەتاوە پێیەوە دیارە چەندە سەرۆککۆمارە.

هەنگاوی ڕاستگۆیانەتری پزیشکیان ئەمەیە نوێنەرانی وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەت هی ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بۆ تاران بانگ نەکرد. پزیشکیان سەد ئوتریش و ئەڵمان و فەرانسە بە قوربانی پێوە پێڵاوێکی ئیسماعیل هەنیە دەکات. ئیسماعیل هەنییە و هاوڕێیانی بۆ خۆپێدادان و تۆڵەسەندنەوە لە چاوی شێریش ناترسن. بەڵام ئەم ئۆتریش و ئەڵمان و فەرەنسەیە زۆر ترسنۆکن. پزیشکیان باش دەزانێت ئەوکاتەی جەماعەتی ئێران لە پاریس گیانیان لە شاپوور بەختیاری ئاخر سەرۆکوەزیرانی بەر لە دەستەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی ئەستاند، پاریس ئەوەی بیری لێ نەکردەوە تۆڵەسندنەوە بوو. ئوتریشیش بکوژانی عەبدولڕەحمان قاسملووی سواری فڕۆکە کرد و ناردنیەوە تاران. بەڵام ئەڵمانەکە هیندێک بوێرتر بوو، بکوژانی دکتۆر سەعید شەرەفکەندیی گرت و ڕادەستی بەشی دادوەریی کردن. ئەوەی گرینگە هەموو ئەم وڵاتانە ترسنۆک بوون و نەیانگوت ئێران لە ماڵی ئێمەدا ئەوانەی تیرۆر کردووە و پێویستە بۆ تۆڵەسەندنەوە هێرشی بکەینە سەر و هەر لەبەر ئەمەش بوو پزیشکیان ئەو ترسنۆکانەی بۆ جێژنی دەستبەکاربوونی بانگ نەکرد. دوای تێرۆری هەنیە لە تارانیش، سەرۆککۆماری نوێ هەتا ئێستا خۆی نەیگوتوە و ڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی درۆ نەکات ئەمەشی بە ڕێبەر ئەسپاردوە.

سێهەم ڕاستگۆیی پزیشکیانیش ئەمە بوو گوتی: خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی سەرۆککۆماردا دەنگیان نەداوە و بە درۆی زیادەی پێوەنەنا و نەشیگوت دەنگیان بەمن نەداوە.

کاتێک قەسیم عوسمانی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکانەوە، لە مەجلیسی شوڕا دژ بە دەستنیشانکردنی ئەندامانی کابینەی پزیشکیان قسەی کرد، گوتی: داوام لە پزیشکیان کرد، خەڵکی سەر بە ئایینی سوننی و نەتەوەکانی ئێران لە نێو ئەندامانی پێشنیارکراوی کابینەکەیدا بگونجێنێت، پزیشکیانیش سەبارەت بە دانەنانی بەربژێری کورد وڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: کوردان لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبوون. ئەلەحەق بەمە دەڵێن ڕاستگۆیی.

کا قەسیمیش زۆر تووڕە بوو و گوتی جەنابی سەرۆککۆمار من لەماوەی بانگشەدا چەند شەوان نەخەوتم و لەگەڵ تۆ دابووم. کا قەسیم وەک پزشکیان نەبوو. ئەو نەیگوت چاوەڕان بووم من بە ناوی کوردێکی سوونی بکەی بە وەزیر، بەڵام گوتی بۆچی وەزیر و گزیر و جێگر و بلامانێ مێگری کورد لە لیستی بەربژێرانی وەزارەتەکانتدا نین.

هەرچۆنێک بێت، کابینەکەی پزیشکیان پێچەوانەی تووڕەبوونی کا قەسیم، دەنگی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی وەردەگرێت و ئەگەر کۆماری ئیسلامیش وەک ئاڵمان و ئوتریش و فەڕانسە ترسنۆکانە تۆڵەی کوشتی ئیسماعیل هەنییە نەکاتەوە، ڕەبی عومر کورت بێت.

لە کۆتاییدا زۆر شەرمە باسی ڕیفۆرمخوازن نەکەین و دەکرێت بڵێین: دەستکەوتی ڕیفۆرمخوازانیش زۆر زۆر "زەریف"ـە.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:877 21 August 2024

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات قووڵاییی ڕۆژهەڵاتە و ڕێژیم پیلانەکانی بۆ ناچێتە سەر




**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!**
**تێکۆشەران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات!**
لاوان، ژنان و خوێندکارانی ڕزگاریخوازی کورد!

لە سەردەمی پێشکەوتن و مودێرنیتە و تەنانەت پۆستمودێرنی سەدەی ۲۱دا کە عەقڵیەتی دەوڵەت ـ نەتەوە بەسەر هەموو جیهاندا زاڵە و لەم نەزمە نوێیەدا ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەت نەبێت لە هاوکێشە سیاسی و یاساییەکاندا هیچ حەسێبێکی بۆ ناکرێت، نەتەوەی کورد لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە بە هۆی بێدەوڵەتی و نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ بەردەوام قوربانی دەدات و ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شەهید دەکرێن. ئەم دۆخەی کە بەسەر کورددا سەپاوە و بەرهەمی فاکتەرە دەرەکی و نێوخۆییەکانە لە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی پێش، گەلێک کارەساتبارتر و جەرگبڕترە و لە بەرچاو هەموو دنیا و لە قۆناغی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و ڕاگەیاندن و ڕایەڵە جیهانییەکانەوە ڕۆژ نییە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی باپیران و داپیرانیان نەکوژرێن یان سەرکوت و دەسبەسەر نەکرێن، ئەمەش تەنیا بە تاوانی کوردبوون و خواستی ژیانێکی سەربەستانە و سەربەرزانەیە لەسەر خاکی خۆیان.

بە هێنانە بەرچاوی ئەم دۆخەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا زاڵە و ئەوەی کە دوژمنانی کورد چۆناوچۆن لە چوار لاوە پەلامارمان دەدەن، دەبێت پیرۆزیی هێندێ قۆناغی زێڕین لە مێژووی خەبات و بزووتنەوەی کوردمان زیاتر بۆ دەرکەوێت و زیاتر ڕێز لە هەڵویستە ڕەسەن و ڕاستەقینەکانی تێکۆشەران و گەورە پیاوانی ڕابردووی خۆمان بگرین کە بە هەڵویستەکانیان پێشبینی ئەمڕۆی ئەم جیلەیان کردووە و هەوڵیان داوە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان داهاتوویەکی گەشمان بۆ بەدی بهێنن. ئەگەرچی تێکۆشان و بەرخۆدانەکانیان بە ئەنجام نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە نابێت لە بایەخ و بەهایان کەم بکاتەوە. یەکێک لەو قۆناغە زێڕینانەی مێژووی نەتەوەی کورد قۆناغی هاتنە کایە و سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ لە خەباتە کە ئەم شێوازە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە چوارچێوەی دیاردەیەکی نوێ بەناوی «حیزب» پێناسە دەکرێت. ئەگەرچی بە هۆی ناسکبوونی دۆزی کورد لە ئێستەدا بیری تەسکی حیزبایەتی ناتوانێت بە هیچ کوێیەکمان بگەینێت و مەحکوومین بە یەکڕیزی و هاودەنگی، بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کە شانازیی هاتنەکایەی ئەم شێوازە نوێیە لە خەبات پشکی شێری وەبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەوێت کە ۷۹ ساڵە لە پێناو وەدیهاتنی مافی ڕەوا و بەحەقی کورد خەبات دەکات و تەنگوچەڵەمە دەبینێت و مانەوەی لەم ڕێگایەدا سەلمێنەری ڕەسەنبوون و هەقیقەتی خەبات و سیاسەتەکانیەتی، کە پاش ئەو هەمووە ساڵە لە بەرخۆدان هێشتا وەکوو حیزبێکی گەنج و تازەنەفەس لە مەیدانە و لەسەر داوا ڕەواکانی کورد پێداگرە.

## هۆکارەکانی مانەوەی حیزبی دێموکرات:

ئەم حیزبە کە خاوەن هەزاران شەهید، کەمئەندام، بەندیی سیاسی و ئاوارەی هەندەرانە، جیا لەوەی کە لەسەر بنەمایەکی ڕاستەقینە و جەوهەریی وەکوو «شوناسخوازیی نەتەوەیی» و «دێموکراسیخوازی» دامەزراوە، بە هۆی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیی بەرزەوە ئێستەشی لەگەڵ بێت، خاوەن پێگە و جەماوەرێکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگەی ڕێز و بایەخە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. بەشێک لەم تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

۱ـ یەکەم حیزبی کوردستان کە بە شێوەیەکی مودێڕن و سەردەمیانە هەوڵی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانی دا.
۲ـ دامەزرانی دەسەڵاتێکی خۆیی و سەربەخۆ بە ناوی کۆماری کوردستان لە هەمان ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و لە هەناوی ئەم حیزبەدا.
۳ـ بێگەردبوونی مێژووی خەبات و بەدووربوون لە هەر چەشنە خەیانەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دەرحەق بە دۆزی نەتەوەییی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.
٤ـ گیانفیدایی و لەخۆبردوویی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە و مانەوەیان لەگەڵ خەڵکی کورد.
٥ـ پێداگریی لەسەر کەتوارە سیاسییەکان و خۆدوورگرتن لە هەر چەشنە تەوەهۆمێکی سیاسی.
٦ـ باوەڕمەندبوون بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و داهێنانی چەمکی ئیخلاقی سیاسی.
٧ـ باوەڕمەندبوون بە دۆزی ڕەوای کورد و فیدانەکردنی ئەم خاڵە جەوهەرییە لە پێناو دروشم و گوتاری زاڵی قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و لەوانەش وانەوەرگرتن لە هەڵە و ئەزموونەکان وای لەم حیزبە کردووە کە هەنووکە سەرەڕای دووربوون چەندین ساڵەی لە خەڵکەکەی و بێدەرەتانبوون، دیسان لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە ئێرانیش حیزبێکی شوێندانەر و چارەنووسساز بێت و بە هەڵویستەکانی پیلان و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرەو پووچەڵبوون ببات

زیندبوونی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی کوردایەتیدا و شوێندانەریی لە هەمبەر ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە سەردەمی ڕاپەڕینی ژینا وەکوو ڕاپەڕینێکی دەگمەنی شوناسخوازانەی نەتەوەی کورد بۆ هەموو کەسێکی ئاشکرایە و دروشمی «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم ڕاستییە، چونکە ڕێگای قاسملوو هەمان حیزبی دێموکراتە و دێموکرات و قاسملوو دووانەیەکی لێکدانەبڕاون.

ئێستەش کە ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندیی بە هەموو شێوەیەک لە جینایەتەکانی خۆی بەدژی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە و وا نیشان دەدات کە توانیویە کۆتایی بە هەموو نارەزایەتییەکان لە ئێران و کوردستان بهێنێ و بە قەولی خۆی ئەمنییەت و ئاسایشی جێگیر کردووە، حیزبی دێموکرات بە سەرەکیترین و بەهێزترین دژبەری خۆی حەسێب دەکات و هەموو هەوڵەکانی خۆی وەگەڕ خستووە هەتا ئەم حیزبە لە نێو ببات، چونکە پێی وایە بە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان کۆتایی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەهێنێت، بەڵام نائاگا لەوەیە کە پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات قووڵاییی ڕۆژهەڵاتە و ئەم پیلان و هەوڵانەی بۆ ناچێتە سەر.


لە کۆتاییدا وەکوو یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات وێڕای پیرۆزبایی۷۹هەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرجەم دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد، ئەو بەڵێنییە بە خەڵکی خۆمان دەدەین کە هەتا وەدیهاتنی سەربەستی و ڕزگاریی کوردستان درێژەدەری ڕێگای شەهیدانین و هەتا لووتکەی سەرکەوتن هەدا نادەین.

سەرکەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد!
تێک شکێت سپای داگیرکاریی داگیرکەرانی کوردستان!

**یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات.**
**٢٤ی گەلاوێژی ٢٠٢٤ی کوردی**

بەر لە ماڵاوایی

# ”ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد“ (دیارییەک بۆ جێژنی ۷۹ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان)




لەبەرەبەری ۲٥ی گەلاوێژ، حەفتاونۆهەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کتێبی «ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد» چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبەکە وەک لە پێناسەیدا هاتوە؛ خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیری ناسراو و بە ناو و دەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوارەی ئیلخانیزادە لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لەلایەن نووسەر و هاوکاری «کوردستان» تاهیر قاسمی نووسراوە و خاتوو شەهلا دەباغی، ژنە چالاکی دیاری نێو خەباتی سیاسی و ئەدەبیی کوردی ڕۆژهەڵات پێیدا چۆتەوە و وەشانخانەی «٤٩ کتێب» چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

سوارە ئیلخانیزادە ئەگەرچی لە بواری نووسینی چیرۆک و بابەتی ئەدەبیشدا گەلێک بەرهەمی بەنرخی لێ بەجێ ماوە، بەڵام ئەو زیاتر وەک شاعیر و یەک لە بناخەدانەرانی شێعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی شێعرەکانی زۆر نین بەڵام «خەوە بەردینە» وەک دیوانی شێعرەکانی کەلێنێکی گرینگی لە مێژووی شێعری کوردی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ کردۆتەوە. ئەو شێعرانەی کە بە بڕوای نووسەری «ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد» نیزیک بە تەواویان لەژێر تیشکی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا نووسراون و تریفەی تێکۆشانی ئەم حیزبە تا ساڵانی کۆتایی تەمەنی شاعیریش هەروا دەفتەری شێعری ئەویان ڕووناک کردۆتەوە.

پڕانیی شێعرەکانی سوارە بە هۆی بارودۆخی پۆلیسیی سەردەم و دوای ئەوەی شاعیر لە زیندانی حەمەڕەزا شا ڕزگار بوو، لەسەر ڕێبازی ئەدەبیی سەمبۆلیک و بەو پێیەش لە ڕەمز و ڕازدا نووسران. ئەوەش وای کرد کە هەتا ئەم دواییانەش هەموو پەیامەکانی شێعری سوارە بۆ وەچەکانی دوای خۆی بەتەواوی ڕوون و ئاشکرا نەبن. لێکۆڵەر لە ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەددا، هەوڵی داوە بە ناساندنی سەمبۆلەکان و شکاندنی کۆدی وشەکان مەبەست و هەڵوێستی شاعیر لە ساڵ و سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە خوێنەری کورد لەگەڵ بیر و هەڵوێستەکانی سوارە ئاشنا بکا.

ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد بە پێشەکییەک لەلایەن نووسەرەوە دەست پێ دەکا کە تێیدا باس لە سەرەتای ئاشنایی خۆی لەگەڵ شێعری سوارە و هۆکار و مەبەستەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە و چۆنییەتیی دەسپێک و بە ئاکام گەیشتنی کراوە. پاشان کورتە مێژوویەکی سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە دەیەی چلی هەتاوی (شەستی زایینی) لەخۆ گرتوە کە زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانی سوارەش هەر لەو دەیەیەدا و لەژێر تیشکی تێکۆشانی ئەو سەردەمی حیزبی دێموکراتدا نووسراون. لەم بەشەدا نووسەر باسی لە تێکۆشان و جموجۆڵە سیاسی و ئەدەبییەکان لە هەردوو بەری دیوی گەرمێن و هەروەها لە زانستگای تاراندا کردوە کە سەنگەرێکی دیکەی خەباتی کوردایەتی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بوو. بە دوای ئەوانەدا نووسەر باسی لە جیهانبینیی سوارە و ڕوانگەی ئەو بۆ کوردایەتی بە گەڕانەوە بۆ نێوەرۆکی بەرهەمەکانی کردوە و لەم بەشەدا بەتایبەتی لە شێعری «بیرەوەریی دووی ڕێبەندان» دواوە. پاشان یەک بە یەک شێعرە بەناوبانگەکانی سوارەی بەپێی مێژوو و بۆنەی نووسینیان هەر لە شێعری «بانگەوازی پەنجەرە» تا »خێڵی درۆ» و سەرەنجام «خەوە بەردینە» و «تۆ دەریامی» لێکداوەتەوە و بە سەرنجدان بە نێوەرۆک و پەیامی ئەو شێعرانە، ڕوونی کردۆتەوە کە هەر کامیان پێوەندی بە کێها ڕووداوی سیاسی و کام تێکۆشان و جموجۆڵی حیزبەوە هەیە. هاوکات لە ڕێگای ئەم شێعرانەوە پێوەندیی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاران کە سوارەش یەک لەوان بوو، شی کردۆتەوە.

هەڵبژاردنی ناوی «ئێعجازی ئەنگوستی پاکی محەممەد» وەک ناوی کتێبەکە، لە دێڕێک شێعری بەناوبانگی »خەوە بەردینە» وەرگیراوە کە بە بەرزترین شێعری سوارە هەژمار دەکرێ. نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکە و لە لێکدانەوەی شێعری خەوە بەردینەشدا ڕوونی کردۆتەوە کە خەوە بەردینە حەماسەی دامەزران و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و ڕستەی هەڵبژێردراو بۆ ناوی کتێبەکەش ئاماژە بە دەور و ڕۆڵی پێغەمبەرانەی پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزران و دانانی ڕێوشوێنی خەباتی ئەو حیزبە و ڕەوتی تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکا.

«کوردستان» بەبۆنەی چاپی ئەو کتێبە بەنرخە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە تاهیر قاسمی، ئەندامی دەستەی نووسەرانی خۆی دەکا و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازێ